# ڕێکخستنی هێزی سەربازی میرنشینە کوردییەکان ( میرنشینی حەسەنوەیهی و مەڕوانی ) بە نموونە
## ( توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە )

م.ی. رسول ابراهیم رسول
زانکۆی ڕا پەرین
فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی کوردی

**پێشەکی:**

ڕێکخستنی هێزی سەربازیو شێوازەکانی شەڕو کۆی ئەو چالاکیانەی لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، بابەتێکی گرنگو پڕبایەخن، چونکە چارەنووسی سیاسیو سەربازی میرنشینەکانی پێوە پەیوەست بووە، کە لەسەردەمێکی گرنگی مێژوویدا فەرمانڕەوایی سنورێکی دیاریکراوی هەرێمە کوردیەکانیان کردووە، تاڕادەیەکی زۆریش بەهێزیو مانەوەیانو پاراستنی هەژموونی خۆیان بەو ڕێکخستنە سەربازیەوە پەیوەست بووە، کە هەیانبووە، لە بوونی هێزی مرۆییو توانای ئابووریو ئامرازو شێوازەکانی شەڕ، هەموو ئەمانەش ئەوە هەڵدەگرن کە لە توێژینەوەیەکی تایبەتدا بخرێنە ڕوو، ئەگەرچی لەماوەی لێکۆڵینەوەی ئێمەدا چەندین میرنشین هەن، بەڵام بۆ درێژنەبوونەوەی بابەتەکە، تەنها میرنشینی (حەسەنوەیهیو مەڕوانی) بە نموونە وەرگیراون، لەسەر بنەمای ئەوەی کە هەریەکەیان لە هەرێمێکی تایبەتداو بارودۆخێکی تاڕادەیەك جیاوازدا دەرکەتوونو گەشەیان کردووە دیاریکراون، هەندێ لایەنی میرنشینەکانیش وەك وێنەیەکی لەبەرگیراوەی یەکتری وابوون، هەموو ئەمانەش لەپشت هەڵبژاردنی بابەتەکەوە بوون بۆ توێژینەوە.

بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیو ورد لەسەر بابەتەکە، بە گرتنەبەری میتۆدێکی زانستی شیکاری بەراوردکاری، بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەلێنێك لە مێژووی ئەو قۆناغەی کورد ئامانجێکی گرنگی توێژەرە، بە ئومێدی سودلێوەرگرتنو دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکانو پەرەدان بە لایەنە بەهێزەکانی، سەرەتایەکیش بێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەپێزترو بەرفراوانتر لە لایەن توێژەرانی ترەوە لە داهاتوودا، بۆ ئامادەکردنیشی پشت بە دەیان سەرچاوەی ڕەسەنو گرنگ بەستراوە، لە پاڵیاندا سود لە ڕاوبۆچونو شیکاری ئەو توێژەرانە وەرگیراوە، کەلەسەر ئەو قۆناغە مێژووییە لە بارودۆخی سیاسیو شارستانی میرنشینەکان دواون، بەڵام ئەوەی گرفتی بۆ ئێمە دروستکردووە کەمی ئاماژەی مێژوو نوسانە لەسەر جۆری چەكو هونەری شەڕە لەو ماوەیەدا، بۆیە پشت بە هەندێ سەرچاوەی تایبەت بە بواری سەربازی بەستراوە، کە باسیان لە ڕێکخستنی سوپای لەشکرگەلی ئیسلام لە چاخەکانی ناوەراستدا کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێ لایەنی سەربازی هەیە بۆ ئێستاو بۆ ئەو کاتەش هەر هەبووەو هەیە، لەبەرئەوە بەگوێرەی توانا سود لە کتێبگەلی شەڕو جەنگو دەقە تیۆریەکان وەرگیراوە لەگەڵ ڕووداوە واقیعیەکان لێکدراونەتەوە، زۆر جاریش پشتمان بە خوێندنەوەی دیوی دووەمی ڕوداوە مێژووییەکان بەستووەو زانیاریان لێهەڵێنجراوە.

توێژینەوەکەش بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە، تەوەرەی یەکەم تایبەتکراوە بە پێکهاتەی هێزی سەربازی میرنشینەکان، هەرچی دووەمیشە بۆ ڕێکخستنی هێزی سەربازیتەرخانکراوە، لە تەوەرەی سێیەمیشدا جۆری چەكو هونەرو شێوازەکانی شەڕ خراوەتە ڕوو، لەگەڵ چەند دەرئەنجامێكو پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبیو ئینگلیزی.

## یەکەم/ پێکهاتەی هێزی سەربازی:

ئەگەرچی هۆکاری جۆراوجۆر لەپشت سەرهەڵدنی میرنشینە کوردییەکانن[1]، بەڵام ئەوەی جێگای مەبەستی ئێمەیەو پەیوەندی بەباتەکەوە هەیە بوونی هێزی مرۆییو ئابورییە، کەوەك دوو بنەمای گرنگی سەرهەڵدانی میرنشینەکان رۆڵیان بینیووە، کە سەرچاوەکەشی بریتی بووە لە خێڵ، یان بە واتایەکی تر لەسروشتی خێڵەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی کۆمەڵگەی کوردەواری، بە سیمایەکی شێوە کشتوکاڵیو ئاژەڵداری پەیوەست بەناوچەیەکی جوگرافی دەرکەوتووە، لە هەمان کاتدا بووە بەیەکەیەکی ئابووری[2]، دیارە هۆزیش لەسەر بنەمای کۆمەڵێك دابونەریت دامەزراوە، کە ئەندامانی بەیەکەوە لە لایەك، بەسەرۆك هۆزەوە لە لایەکی ترەوە بەستۆتەوە، بەو پێیەی کە سەرۆك هۆز بەرگری لە بەرژەوەندیو ژیانو لەوەڕگاو کەرامەتیان دەکات، ئەندامانی خێڵیش تا ئەوپەڕی پەیوەستن بە بڕیاری سەرۆکەکەیان و خۆشەویستیان بۆ نەژادو ڕەچەڵەکیان هەیە، ڕیزگرتنو گوێڕایەڵیش بۆ سەرۆك هۆز ڕەگو ریشەیەکی مێژوویی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە[3]،بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش ئەو ڕێکخستنە خێڵەکیەیان تێنەپەڕاندووە، دۆزینەوەی ئەو سروشتە خێڵەکیەش شێوەی ژیانیان دیاریدەکات، کە بریتییە لە پشت بەستن بە کشتوکاڵو ئاژەڵداریو گەڕان بەدوای لەوەڕگادا، بەم جۆرە جۆرێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی ناوخۆ لەنێوان ئەندامانی خێڵو لەسەر ئاستی دەرەکیش لە نێوان خودی خێڵو کۆمەڵانی تردا دروستدەکات[4]، ئەمەش زەمینەی ئەو واقیعەی ڕەخساند، کە هەندێ لە هۆزەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان یان سنوری قەڵەمرەویان دەسەڵاتێکی خۆجێیی بە هاوکاری ئەندامانی خێڵ ڕابگەیەنن، هەمیشەش لە مێژووی دامەزراندنی میرنشینەکاندا خێڵێك بۆتە بنەما[5]، ئیتر لەمە بەدواوە دەسەڵاتی سەرۆك خێڵ لەوە تێپەڕی کە دەسەڵاتی تەنها بەسەر خێڵەکەیدا بڕوات، یان دەسەڵاتی لەچوارچێوەی قەڵاداریو سەرداریەتی خێڵدا بمێنێتەوە[6]، بەڵکو لەو قۆناغەدا پەرەیان بەدەسەڵاتی خۆیانداو توانیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی بیگۆڕن، کە لە شێوەی میرنشیندا بەرجەستە بوو،بەتایبەتی لەماوەی فەرمانڕەوایی بوەیهییەکان (٣٣٤-٤٤٧ك/ ٩٤٥- ١٠٥٥ز)، کە بەهۆی پەیڕەوکردنی

---

[1]بۆ نموونە بڕوانە: قادر محمد حسن، الامارات الكوردية في العهد البويهي دراسة في علاقاتها السياسية ولاقتصادية (٣٣٤- ٤٤٧هـ/ ٩٤٥-١٠٥٥م)، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠١١، ص٥٧.

[2]بڕوانە: مارتن فان بروسن، ئاغاوشێخو دەوڵەت، و. کوردۆ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦، ب١، ل ١٠٢.

[3]لازاریف، چەندکێشەیەکی دیموگرافی ومێژووی و سیاسی وپەیوەندی کۆمەڵایەتی کورد، وەرگێڕانی لەروسیەوەکاوسقەفتان، گۆڤاری کۆریزانیاری عێراق(دەستەیکورد)،بەرگی شازدەهەم وحەڤدەهەم،١٩٨٧ز، ل٣٩٢.

[4]حەیدەر لەشکری، وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا، و. محمد تاتانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١١٧-١١٨.

[5]بۆ نموونە وەك میرنشینەکانی حەسەنوەیهیو عەنازی...، بڕوانە: فرست مرعی، الاماراتالكردية فی العصرالعباسی الثانی(٣٥٠-٥١١ه/ ٩٦٠-١١١٧م)،دارسپیریێز،(دهوك:٢٠٠٥م).

[6]زرارصديق توفيق، چەندلێکۆلینەوەیەك لەمێژووی کورد لە چاخەکانی ناوەراستدا، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل١٦.

سیاسەتێکی ناناوەندی بەرامبەر بە هەرێمەکانی ژێردەسەڵاتیان[1]، ئەو زەمینەیە زیاتر بۆ کورد ڕەخسا، لێرەوە لە وە تێدەگەین کە بنەمای دروستبوون و سەرهەڵدانی میرنشینەکان ریشەیەکی خێڵەکیان هەبووە، ئەو سیماو خەسڵەتەشیان بە کاروچالاکیە سیاسیو سەربازیەکانیشەوە دیاربووە، تێنەپەڕاندنی ئەو خەسڵەتەش دواتر کاریگەری خراپی کردە سەر لاواز بوون و ڕوخانیان و گیرۆدەبوون بە چەندین هەڵگەڕانەوەو ململانێی ناوخۆی.

هەڵکەوتەی جوگرافی میرنیشنە کوردییەکان بەگشتیو میرنشینی حەسەنوەیهیو مەڕوانی، بەتایبەت لە لایەكو خواستی فراوانخوازیو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان و ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیەکان، خواستی میرەکانی بۆ دروستکردنی سوپایەکی بەهێز زیاترکرد، کە بێگومان لەسەر بنەمای خێڵەکیو بە پلەی یەکەمیش بۆ بنیاتنانی سودیان لە هەستی دەمارگیری ئەندامانی خێڵ وەرگرت، بەتایبەتیش کە خودی ئەو سوپایەی بۆ لەشکرکێشی و هێنانەدی ئامانجە سەربازیەکانیان ئامادەیان کردبوو لە ڕووی قەوارەو ئەرك و پاشکۆکانیەوە، سوپایەکی هەمە چەشنە تەیار کراو و هەمە جۆر پێکهێنراو بوون، هەروەك دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین، دروست کردنی سوپایەکی بەم شێوەیەش لەسەرینی کۆمەڵێك هۆکارەوە سەری هەڵداوە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان لەناو توێژینەوەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

ئەمە سەبارەت بە هەریەك لە میرنشینەکانی حەسەنوەیهیو مەڕوانی هەر ڕاستە، کە لەیەکەم هەنگاوی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزی سەربازیدا پشتیان بە ئەندامەکانی خێڵەکانی خۆیان بەست، بە پلەی یەکەم میرەکانی میرنشینی حەسەنوەیهی پشتی بە ئەندامانی خێڵی بەرزیکان بەستبوو بۆ پێکهێنانی هێزی سەربازی[2]،لە مێژووی هەمان میرنشیندا وەك پشت بەستنی میر(بدر) بە هەمان هۆز، تا ئەو کاتەی لەشەڕی بەرامبەری(هیلال)ی کوڕی لە ساڵی(٤٠٠ك/١٠١٠ز) لێیهەڵگەڕانەوەو پاڵیاندایە پاڵ هیلال[3]، هەروەك توێژەرێکیش ئاماژەی کردووە پێدەچێت هەموو ئەندامانی خێڵەکەی لە سوپاکەیدا سەرباز بووبن[4]، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەوەی دەستدرێژی کردبووە سەر جوتیارەکان، سەرۆك هۆز یان دەوڵەمەندێکی خێڵەکەی بووە[5]، بە وردبوونەوە لەو دەقانەی کە لەبەردەستدان و ئەو ڕووداوانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکانی میرنشینەکەدا ڕوویانداوە، ئەوە دەردەکەوێت کە هێزی سەربازی میرنشینەکە بەسەر چەند دەستەیەکدا دابەشبوون، لە سەربازانی هەمیشەییو بەکرێگیراو، هەرچی سەربازانی هەمیشەیی میرنشینەکە بوون، ئەوانە لەبەر سروشتی خێڵایەتیو پەیوەندی بەهێزی خزمایەتی لە ئەندامانی خێڵی بەرزیکانی پێکهاتوون، ئەمانە بەرژەوەندیان لەمانەوەی مێرنشینەکە بە بەهێزیدا هەبووە، چونکە پاراستنی زەویو لەوەڕگاو پلەوپایەی کۆمەڵایەتیان بەوە بەسترابۆوە، بەڵام هەرچی هێزی بەکرێگیراو بوو، ئەوا دەستکەوتو سامان بنەمای بەستنەوەیان بوو بە میرەوە، بێ ئەوە هیچ دەمارگیریەکان بۆی نەبوو، بۆیە لەهەر بارودۆخێکدا سەنگەر گۆڕکێیان لا کارێکی ئاسایی بوو[6].

---

[1] قادر محمد حسن، الامارات الکوردیة، ص ٦٢.

[2] ابن الاثیر، الکامل في التاریخ، حققه واعتنی به عمرعبدالسلام التدمري، دارالکتب العربي، (بیروت:٢٠٠٦)، ج٧، ص٣٧٠؛ ستانلی لین پول، الدول الاسلامیة،ترجمة محمد صبحی فرزات،اضافات وتصحیحات بارتولدو خلیل ادهم، مطبعةالملاح، (دمشق:١٩٧٤م)، ق١،ص٢٨١.

[3] ابن الاثیر،الکامل، ج٧، ص ٥٦٤.

[4] حسام الدین نەقشبەندی، شارەزوورو لورستانی باکور، ل٤٠٦.

[5] ابن الجوزي، المنتظم في تاریخ الملوك والامم، مطبعة دائرة المعارف العثمانیة، حیدراباد، (دکن:١٣٥٩ه)، ج٧، ص٢٧١؛ سبط ابن الجوزي، مراة الزمان في تاریخ الاعیان الحقبة(٣٤٥-٤٤٧ه)،دراسةو تحقیق جنان جلیل محمد الهموندي، الدارالوطنیة،(بغداد:١٩٩٠)، ص٢٩٦.

[6] ادم متز،الحضارة الاسلامیة فی القرن الرابع الهجری اوعصر النهضة فی الاسلام، ترجمة محمد عبدالهادی ابوریدة، دار الکتاب العربی،الطبعةالرابعة،(بیروت:١٩٦٧م)، ص٥٣.

هەرچی تایبەتیشە بەمیرنشینی مەڕوانی ئەوا بەهەمان شێوە، میر باد کە هەرچەندە سەر بەتوێژێکی باڵا دەستی ناوهۆزەکەی نەبوو، بەڵکو جەنگاوەرێکی ڕەشۆکی ناو خەڵك بوو، بەڵام وەك دامەزرێنەری میرنشینەکە بە ئازایەتیو لێهاتوویی خۆی توانی پێگەی خۆی بە هۆی شەڕی بێباوەڕانەوە بە هێز بکات، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانو خۆبەختکاران لە ناوچەکەوشەنەکانی دیاربکر لە دەورەی کۆبوونەوە[1]، کە لە ڕۆژگاری شەڕو چالاکیە سەربازیەکانی میر بادا ڕۆڵی دیاریان لەسەرکەوتنەکانیدا بینیووە، پێدەچێت بەشی زۆری لەشکری ئەم میرە کوردە لە ئەندامانی هۆزو خێڵە کوردیەکان بووبن، چونکە مەیدانی فراوانخوازیەکانی ناوچە کوردیەکان بووە، بە بەڵگەی ئەوەش کە دوای کوژرانی لە ساڵی(٣٨٠ك/ ٩٩٠ز) لە بەرامبەر سوپای حەمدانیەکان، (فارقی) ئاماژەی بەوە کردووە، کە (کورد شکان)[2]، لە ناودارترینی ئەوانەشی کە لەگەڵی دابوون خاڵۆزاکانی لەبنەماڵەی مەڕوانی بوون[3]، کە بەردەوام لە شەڕو گۆنگەڵان لێی جیانەدەبوونەوە تابوون بە خاوەنی وڵاتیش، لەوانەش ابو علی کوڕی مەڕوان کە توانی لەشکری شکاوی کوردان لە خۆی کۆکاتەوە جارێکی تر دەست بەسەر وڵاتدا بگرێت[4]، لە کۆی ئەو چالاکیە سەربازیانەی کە لە پاڵ هێزەکانی تریشدا ئەنجامیانداون بەشی هەرەزۆری سوپاکەیان کوردبوون[5]، ئەمانەش پشت بەستنی میرانی میرنشینەکە بە ڕەگەزی کورد بەپلەی یەکەم دەسەلێنن.

لەراستیدا ئەمە بەو مانایەش نییە، کە میرە کوردەکان پێویستان بە ڕەگەزو هێزی تر نەبوبێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هێزی سەربازیان، بەڵکو لەپاڵ ئەندامانی خێڵ پەنایان نەك تەنها بۆ جگە لە خێڵی خۆیان، بەڵکو بۆ ڕەگەزی بێگانەش بردووە، لەوانەش هێزی بەکرێگیراو (مرتزقە)، کە وەك نەریتێکی باوی چاخەکانی ناوەراست هێزەکان لە پێناو کۆکردنەوەی هێزی زیاتر پەنایان بۆ بردوون، دیارە زۆری شەڕو شۆڕو لە دەستچوونی سەربازی زۆرو کەمبوونەوەی دەمارگیری خێڵەکی، هێزەکان پەنایان بۆ هێزی بەکرێگیراو دەبرد، کە لەبەرامبەر بەشداریان لەشەڕدا زێر یان پارەیان پێدەدرا[6]، ئەم جۆرە هێزە لە ناو سوپای میرنشینە کوردیەکانیشدا هەبووە، بە تایبەتیش میرنشینی حەسەنوەیهی، کە جگە لە هۆزی بەرزیکان پشتیان بە ئەندامانی خێڵی گۆران( جورقان)[7]یش بەستووە[8]، ئەوە جگە لەوەی پشتیان بە بەشێك لە هۆزی شاذنجان بەستووە، بە تایبەتیش هلالی کوڕی بدر لە شەڕی دژی باوکی، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دایکی هیلال سەربەهۆزی ناوبراو بووە، دوژمنایەتیەکی باوی خێڵەکیش لە نێوان ئەم هۆزەو هۆزی بەرزیکانی دا هەبووە، لە دواتریشدا

---

[1] ابن الاثیر، الکامل،ج٧، ٤٠٢.

[2] مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ٢١.

[3] دوای کوژرانی باد دەتوانین بڵێین فەرمانڕەوایی دووەمی ئەم میرنشینە دەستپێدەکات، کە لە بنەماڵەی مەڕوانی بوون، لە ابوعلی بن مەڕوانەوە، هەروەك ابن الاثیر بە (ابتداء دولة بنی مروان) ناوی بردوون، بڕوانە: الکامل، ج٧، ص٤٣٥؛ ستانلي لين پول، الدول الاسلامية، ق١، ص ٢٤٤.

[4] الروذراوري، ذيل تجارب الامم، دارالکتبالعلمية،(بیروت: ٢٠٠٣)، ج٦، ص١٠٩؛ فرست مرعی، الامارات الکوردية، ص ٢٥٧.

[5] لەم بارەیەوە بڕوانە : مەهدی عثمان هەروتی، ڕۆڵی سەربازی کورد لەدەوڵەت ومیرنشینە ناکوردیەکاندا لەسەردەمی عەبباسیدا (١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز)،چاپخانەی خانی،(دهۆك:٢٠٠٨ز.

[6] مەهدی عثمان هەروتی، ڕۆڵی سەربازی کورد، ل ٥٣.

[7] گۆران: هۆزێکی گەورەی کوردن لە ناوچەکانی حلوانو شارەزوور نیشتەجێ بوون، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: آوازمحمد علی عبدالکریم، الکورد الجاوانیون دورهم السیاسی والحضاری فی العصرالعباسی (٣٩٢-٦٥٦ه/١٠٠٢-١٢٥٨م)،رسالة ماجستیر مقدمة الی مجلس کلیة الاداب جامعة دهوك ،(دهوك:٢٠٠٣م).

[8] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٥٩٦.

بەپێچەوانەوە میر بدریش سودی لە هۆزی شاذنجان وەرگرتووە[1]، بەشێك لە سوپای طاهری کوڕی هلالیشیان پێك دەهێنا ئەوە سەرەڕای سودوەرگرتن لە لوڕ[2]، هەرچەندە ژمارەو قەبارەی بەشداری ئەو هۆزانە نازانرێت، کە لە بارودۆخە تایبەتیو نالەبارەکاندا پشتیان پێبەستراوە، بەڵام هەروەك توێژەرێك ئاماژەی کردووە ( لوڕو گۆرانو گاوانو شاذنجان) لە دیارترین ئەو هۆزە کوردانە بوون، کە وەك بەکرێگیراو لە پێکهاتەی هێزی سەربازی میرنشینی حەسنەوەیهیدا بەشداربوون[3]، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە هۆزە کۆچەریەکانی کورد بڕبڕەی سیاسیو سەربازی بە هێزی میرنشینەکان بوون[4].

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەبارەت بە بەشداری ئەندامانی هۆزە کوردیەکان وەك بەکرێگیراو، یان دەستکەتنی تاڵان یان هەر پاڵنەرێکی تری مادی، ئەوە دەست بردنی کورد بۆ ئەم پیشەیە شرۆڤەکاری زۆری بۆکراوە، بەشێکیان بۆ ئەو بارودۆخە ڕسکاوەی کە وەك بەرئەنجامی لەشکر کێشیەکان کەوتۆتەوە دەگێڕنەوە[5]، کە بەهۆی بەتاڵان بردنی سامان و بەرز بوونەوەی ڕێژەی باجەکان و وێران بوونی سەرچاوەکانی داهات و سەختی بەدەستخستنی تێشوی ژیان کوردی خستۆتە ژێر باری کرێگرتەیی، سەرچاوەیەك کە هانایان بۆ بردووە بۆپەیداکردنی ڕۆزی چەکەکانیان بووە[6]، هەروەك (ابن خلدون)یش دەڵێ:((ڕۆزییان لە ژێر سێبەری نێزەکانیان یان شمشێرەکانیاندا بووە))[(7)]، ڕەنگە مەبەستیشی پەنا بردن بووبێ بۆ ڕێگری(قطع الطرق) و کاروان تاڵانکردن، کە دیاردەیەکی باوی ناو نەتەوەکان بەگشتی و لەناویشیاندا کورد بووە[(8)]، کە مەبەست لێی پەیداکردنی نان بووە، لە ڕێگەی هێزو چەکەوە، کاتێکیش لای روکن الدولەی بوەیهی گلەیی لەم سیفەتەی کورد کرا، ئەو وتی : (( ئەوانیش وەك ئێمە پێویستیان بەنانە))[9]، پەیدا کردنی ڕۆزیش لەم ڕێگەیە بە نیشانەی پیاوەتی وئازایەتی دانراوە، بەپێچەوانەوە نەنگییە پیاو لەسەرهێزی بازوو ئارەقەی ناوچەوانی بژیەت[(10)]، هەر لەو ڕێگەیەشەوە هەندێ جار پشتگیری جەماوەری و دەسەڵاتی سیاسیشیان دەست کەوتووە، بۆ نموونە وەك میر باد[(11)]، هەرچەندە

---

[1] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٥٦٣- ص ٥٦٤؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون المسمى كتاب العبروديوان المبتداء والخبر في ايام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم ذوي السلطان الاكبر، دارالكتبالعلمية، (بيروت:١٩٧١م)،ج ٤، ص٦١٧.

[2] ابن الاثير،الكامل،ج٧،ص ٥٩٦.

[3] حسام الدين نەقشبەندی، شارەزوورو لورستانی باکور، ل ٤٠٩.

[4] سەعید بەشیر ئەسکەندەر، سەرهەڵدانو روخانی سیستەمی میرنشینی لەکوردستاندا، کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە گرنگی سیاسیو گەنجینە کەلتوریەکەی لە ناوەراستی سەدەی دەیەمەوە تا ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەم، وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، (سلێمانی:٢٠٠٤)، ل ٤١.

[5] لەماوەی نێوان سەدەکانی(٤-٨ك/ ١٠- ١٤ز) لەشکرکێشی زۆرکراونە سەر کوردستان، کە شوێنەواری جۆراوجۆریان لە مێژووی دورو نزیکی کوردا بەجێهێشتووە، لە وانەش لە سەر بارودۆخی ساسیو ئابوری و کۆمەڵایەتی، بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: رسول ابراهیم رسول، کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانیەکان بۆسەر کوردستان لە ماوەی نێوان سەدەکانی(٤-٨ك/١٠-١٤ز) توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکاریە)، سلێمانی، ٢٠١٣.

[6] رسول ابراهیم رسول، کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانییەکان بۆ سەر کوردستان، ل١٠٨.

[(7)] مقدمة، دارالذهبية،(القاهرة :دت).ص٢٩٥.

[(8)] لەسەرچاوەکاندا بەزیادەڕۆیی باسی ئەم دیاردەیە لەناوکورددا کراوە، بەڵکو ئەمە سیفەتێکی گشتی نەبووە، بەڵکو تایبەت بووە بە چەند هۆزو ناوچەیەکی دیاریکراو، بڕوانە:ابن حمدون، التذكرة الحمدونية، تحقيق احسان عباس وبكرعباس، دارصادر، (بيروت:١٩٩٦م)، ج٩، ص٤١٩؛ حەیدەر لەشکری، وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا، ل ١٢٨.

[9] مسكويه، تجارب الامم وتعاقب الهمم، تحقيق سيد كسروي حسن، دارالكتب العلمية، (٢٠٠٣م)، ج٥، ص٣٧٨.

[(10)] شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە (مێژووی ماڵە میرانی کوردستان)، وەرگێڕانی هەژار، دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم، (هەولێر:٢٠٠٦ز)، ل٢٢.

[(11)] ابن خلدون، العبر، ج٤،ص٣٠٢؛ ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، مكتبة دارالكتب المصرية،(القاهرة:١٩٣٥)،ج٤،ص١٤٥.

ناکرێت ئەمانە بکرێنە سیفەتی گشتی هۆزەکان، بەڵام پێمان وایە سەبارەت بە بەشێك لەو هۆزانەی کە پێشتر ناومان هێنان‌و بە بەڵگەوە باسمانکردن ڕاستن، بەتایبەتی سنوری قەڵەمڕەوی میرنشینی حەسەنوەیهی بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریە خراپەکانی شاڵاوی لەشکرکێشی هێزە بیانی‌و ناوخۆیەکان، بەڵام سەبارەت بە بەشداری کوردو ڕەگەزەکانی دی لە سوپای مەڕوانیدا زیاتر سیمایەکی جیهادی هەبووە، کە دواتر زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

بەخشینی زەوی دەرەبەگیش (الاقطاع العسكري)[1] شێوازێکی تربوو، کە لەبری بەشداری سیاسی‌و سەربازی لەبەرژەوەندی لایەنێکدا دژی لایەنێکی تر لە بری کرێ یان موچە لایەن میرەوە دەبەخشرا،کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی جوتیاران لە پێناو کۆکردنەوەی سامان‌و قایل کردنی هێزی سەربازی بەتایبەتیش لەسەردەمی بوەیهیەکاندا روبەرێکی زۆر لە زەوی دەرەبەگی بەخشران[2]، جیاوازیش لەدابەشکردنیان هێزی سەربازی توشی هەڵگەڕانەوەدەکرد، ئەوەی لەمبارەیەشەوە جێگای سەرنجە ئەوەیە کەمیرەکان هەم بەخشیوویانە هەمیش پێیان بەخشراوە، وەك بەخشینی چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان بە میر حەسەنوەیهی لە بری پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی بە رکن الدولەی بوەیهی[3]، قایل بوون بوەیهیەکان بە بڕینەوەی ناوچەکانی جزیرەو طور عابیدین بۆ میر بادی کوردی[4]، بەخشینی چەند ناوچەیەکی شارەزوور لە لایەن میر بدرەوە بە فخرالملك ساڵی (٤٠٠ك/ ١٠٠٩ز)، لەبری بەشداریکردنی لە شەڕی دژی هیلالدا، کە بۆماوەیەك لە ژێر دەستیدا مایەوەو لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە بە ڕێوەدەبرا[5]، ئەمانە چەند نموونەیەکن لەدەیان نموونەی لەم جۆرە، کە کاریگەری خراپی لەسەر بارودۆخی ئابوری کوردستان جێهێشتووە، چونکە ئەم جۆرە سیاسەتە هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ گەشەکردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی‌و خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی کە لەم بارەیەوە بە سەرکردە سەربازیەکان درا، هەندێ لە میرەکانیش بەکردار بەڕووی بەشێك لەو سەرکردە سەربازی‌و دەرەبەگانە وەستانەوە، ڕەنگە پەلامارەکەی میر حەسەنوەیهی بۆ سەر سهلان[6]، لەناوبردنی چەند دەرەبەگێگ لە لایەن میر بدرەوە، دوای ئەوەی کە ببونە نموونەی بەد رەفتاری‌و خراپەکاری بەرامبەر بە جوتیاران،[7] نموونەی دیاربن لەم بارەیەوە.

سەبارەت بە بەشداری ڕەگەزەکانی بێگانەش لەناو سوپای ئەو دوو میرنشینەدا، ئەوا چەند دەقێکمان لەبەر دەستە کە باس لە بەشداریان دەکەن، لە نموونەی بەشداری ڕەگەزی (دەیلەم)، کە پێدەچێت بە پێی بارودۆخ‌و سیاسەتی میری فەرمانڕەوا لەناو سوپای میرنشینی حەسنەوەیهیدا ڕەگەزێکی کاریگەر بووبن، بە تایبەتیش لەسەردەمی میر بدر (٣٦٩- ٤٠٥ك/ ٩٧٩- ١٠١٤ز)دا، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو میرە زیاتر لە وانی تر پەیوەندی بە

---

[1] بەو زەویانە دەوترا کە بە هێزی سەربازی دەبەخشران لە بری بەشداری سەربازیان لە لایەن دەوڵەتەوە یان میری فەرمانڕەواوە، مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلەفەتی (عمری کوڕی خطاب)(ر.خ)دوای ئازادکردنی رەشەخاکی عێراق، چەند جۆرێکیشی هەبووە، بڕوانە: الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٤٩٩؛القلقشندي، صبح الاعشى، ج١٣، ص١٢٠؛ ابراهيم علي طرخان، النظم الأقطاعية في الشرق الاوسط في العصور الوسطى، دارالكاتب العربي، (القاهرة:١٩٦٨م).

[2] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٢٨٢-٢٨٣؛ محمد حسين الزبيدي، العراق في العصر البويهي، ص١٢١.

[3] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٣٧١.

[4] ابن خلدون، العبر، ج٤، ص٣٠٣.

[5] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٥٦٤؛ ابن خلدون، العبر، ج٤، ص٦١٨؛ قادر محمد حسن، الامارات الكوردية، ص ١٦٢.

[6] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٣٧١؛ ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٢٩١.

[7] الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص١٧٣، ابن الجوزي، المنتظم، ج٧، ص٢٧١.

هێـزی بـە بوەیهیەکانـەوە هـەبووە[1]، زیـاتر لەمـەش لـە پێنـاو مانـەوەی بـدردا براکـانی تـری لـەناوبران[2]، بـە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیو ئەو ڕۆڵەی گێڕاویەتی تەنانەت لە ململانێ ناوخۆیەکانی بوەیهیەکانیشدا، پێدەچێت لـە هـەر بارودۆخێکـدا ئـەو مـیرە پێویسـتی بـە هاوکـاری سـەربازی ئـەوان هـەبووبێت، هاوکـاری پێویسـتیان پێشکەشکردبێت، ڕادەی سود وەرگرتنیشی لە دەیلەم ئاستی جیاوازی بەخۆوە بینیووە، هەندێ جار لەسەر ئاستی تاك وەك بەکرێگیراو، هەندێ جاریش لەسەر ئاستی هێزێکی سەربازی، ڕەنگە هاوکاری خواستنی لـە بوەیهیـەکان لە کاتی ململانێ لەگەڵ هیلالی کوڕیـدا لـەمبارەیوە بەڵگەیـەکی دیاربێـت، ئـەوەتا هـیلال لـە شـەڕێکدا بەرامبـەر هێزێکی ڕەگەزی ناوبراو، کە بۆ هاوکاری مـیر بـدر هـاتبوون چوارسـەد دەیلـەمی دەکوژێـت، کـە نـەوەد لەوانەلـە میرەکانیـان بـوون[3]، دوای ئـەم ڕوداوەش بهاء الدولـەی بـوەیهی بەسـەرکردایەتی فخرالملـك ابـو غالـب ی وەزیـری سوپایەکی بۆ هاوکاری میر بدر نارده سەر هیلال، کە بە بەدیل گیرانی هیلال وشکستی سوپاکەی کۆتایی هات[4].

سەبارەت بەڕەگەزی عەرەبو تورکیش بە پێی ئەو دەقـەی کەلەبـەر دەسـتە، ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە مـیر بـدر لەسـاڵی(٣٧١ك/ ٩٨١ز) سـەرکردایەتی سـوپایەکی کـرد، کـە لـەکوردو تـورك پێکیهێنـابوو بـۆ یارمـەتیـدانی (مؤیـد الدولة)[5]ی بوەیهی دژی (قابوس بن وشمکیر الزیاری)[6]، ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە تورك لە هەرێمی چیاکان بوونیان هەبووە[7]، عەرەبیش بەهەمان شێوە، بۆ نموونە ئەو سوپایەی کە بدر ساڵی ( ٣٩٧ك/ز) هەرەشەی پێ لـە داگیرکردنـی بەغـدا کـرد، وەك کاردانەوەیـەك بەرامبـەر بـە سـپاردنی ئـەرکی پاراسـتنی ڕێگـای خوراسـان بـە دوژمنەکـەی (ابـا الفـتح بـن عنـاز) سـوپایەکی گـەورەی لـە مـیرە کـوردو عەرەبـەکان پێکهێنـاو ئابلۆقـەی شـاری ناوبـراوی دا[8].

هەرچی تایبەتە بە سوپای مەڕوانیش، کە خاوەن سوپایەکی هەمیشە تەیارکراو هەمە چەشنە ڕەگەز بووە، کە هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە خەریکی ئامادەکردنیو پێکهێنانی بوون[9]، ئەوە جگـە لـەوەی کـە بەشـێکی سـوپای ئەوان لە جەنگاوەرە خۆ بەخشەکان پێکهاتبوو، کە لە ناوچە کەوشەنەکانی میرنشینەکە لەگەڵ خانـەی شـەڕ(دار الکفـر) لەچوارچـێوەی جیهـادو تێکۆشـاندا ئامـادەی قوربـانی دان بـوون[10]، مەڕوانیـەکان لـە پێکهاتـەی سـوپای هەمیشەیاندا پێدەچێت تەنها پشتیان بە ڕەگەزی کورد نەبەسـتبێت، بـەڵکو وەك هـەر هێزێکـی تـر سـودیان لـە ڕەگەزەکانی سنوری قەڵەمڕەوی خۆیان وەرگرتووە، لەمبارەیەشەوە چەند دەقێکمان لەبەر دەستە، کە ئامـاژە بـۆ ئـەو ڕاسـتیە دەکـەن، هەرچـەندە قـەبارەو ژمـارەی ئـەو جـەنگاوەرو سـەربازانە نـەزانراوە، بەشـێك لەوانـەش لـە ڕەگەزە ناموسڵمانانەکان بوون، کە وەك بەکرێگیراو بەشدار بوون، کە بە پارەو زێر پاداشت کراون یان لـە تـاڵانی

---

[1] لەم بارەیەوە بڕوانە: قادر محمد حسن، الامارات الكوردية، ص ٨٩.

[2] مسکویە، تجاربالامم، ج٥، ص ٤٥٣؛ روذراوری، ذیل تجارب الامم، ج٦، ١١.

[3] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٥٦٤.

[4] ابن الاثیر،الکامل،ج٧،ص ص ٥٦٤- ٥٦٦؛ بۆ درێژەی ڕوداوەکە بڕوانە: نەقشبەندی: شارەزوورو لورستانی باکور، ل ٢٦٤دواتر.

[5] مؤیـد الدولـة: ابـو منصـور بویـە بـن رکـن الدولـة دوای عضـد الدولـة دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، سـاڵی( ٣٧٣ك/ ٩٨٣ز) لـە جورجـان مردووە.ابن الاثیر، الکامل، ج ٧، ص٣٩٥.

[6] الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦،ص ١٥؛ فرست مرعي، ص ١٥٧؛قادر محمد حسن، الامارات الكوردية، ص١٠٦.

[7] بڕوانە: فرهاد حاجی عبوش، المدینة الوردیة، ص ٢٣٦.

[8] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٥٤٦؛ ابن خلدون، العبر، ج٤، ص٦١٧.

[9] فارقی، مێژووی میافارقین و ئامەد ، ل ١٥.

[10] عبدالرقیب یوسف، الامارة الدوستکیة، ج ٢، ص١٢٥.

جەنگ پشکیان پێدراوە، واتە دەکرێت بوترێت میرنشینی مەڕوانیش وەك هێزەکانی سەردەمی خۆی و جیهانی ئیسلامی بە چەند شێوازێك پاداشتی هێزی سەربازیان کردووە[1]، بۆ نموونە (فارقی) ئاماژەی بۆئەوە کردووە، کە کاتێك باد هێزی (صمصام الدولة)ی شکاند تالآنێکی زۆری دەستگیر بوو، کە خۆیو سەربازانی پێی بەهێز بوون[2]، کە دیارە مەبەستی توانای سەربازیو ئابوورییە، کە باد لە دەستکەوتەکان بە جەنگاوەرەکانی بەخشیووە، دابەشکردنی پارەو پوڵی خەزێنەی مەڕوانیش لە لایەن شێروەوە[3]، بەو سەربازە گورجانەی کە دوای کوژرانی ممهد الدوله (٣٨٧- ٤٠١ك/ ٩٩٧- ١٠١٠ز) پاڵیاندایە پاڵ شێروە، کە کۆمەڵێکی زۆر بوون[4]، نموونەیەکی ترە، سەرباری ئەوەی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە ڕەگەزی گورج بەشێك بوون لە سوپای ئەم میرنشینەدا، لەراستیشدا بەشداریش لە جەنگدا بە تایبەت جەنگی بێباوەڕان سودی ئابوری زۆری بە دانیشتوان گەیاندووە، ئەوەتا ئەو تالآنەی کە لە شەڕی ملازگرد ساڵی (٤٦٣ك/١٠٧٠ز) دەست دانیشتوانی ملازگردو خلاط کەوت پارەو پولێکی یەگجار زۆر بوو، بە جۆرێك کە هەروەك (فارقی) ئاماژەی پێکردووە تاسەردەمی ئەویش خەڵکی هەر بە دەوڵەمەندی مابوونەوە[5].

مەسیحیەکانیش[6] وەك ڕەگەزێکی ئایینی لەوانە بوون کە بەشداریان لە پێکهاتەی دەوڵەتو دامودەزگا سەربازیەکانی میرنشینی مەڕوانیدا کردووە، بە جۆرێك کە باڵا دەستو بەهێزبوون، بەڕادەیەك لەسەردەمی میر ناصر الدوله ( ٤٧٢- ٤٧٨ك/١٠٧٩-١٠٨٥ز) هەموو کاروبارێکی بە ابوسالی پزیشك سپاردبوو[7]، دیار هەر ئەو باڵا دەستیە بووە، کە خەڵکی لەو سەردەمەدا لە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی مەڕوانی نیگەران بوون[8]، ئەمەش لەگەڵ قسەیەکی (فارقی)دا دێتەوە، کە دەڵێ: (( خەڵك ڕقیان لە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی مەڕوانی بووە))[9]، کە مەبەست سەردەمی میری ناوبراوە، نەك سەردەمەکانی تر، چونکە نەك تەنها کورد، بەڵکو ڕەگەزەکانی تریش لە ژێر سایەی ئەواندا بە خۆشی ژیانیان گوزەراندووە، کە هەر ئەو مێژوو نوسەی ئاماژەی بەم ڕاستیە کردووە، بە تایبەتیش سەردەمی نصر الدوله( ٤٠١- ٤٥٣ك/١٠١٠-١٠٦١ز)، لەوانەیە هەرئەمەش هۆکار بەشداری مەسیحیەکان بوبێت لە سوپای مەڕوانیدا، بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان یان هۆکای تر، بۆ وێنە کاتێك میر (ابی لیسی)گورجی لە پاشای گورجی تارا هانای بۆ میر ممهدالدوله هێناو بەشداری لە سوپای ئەو میرەدا کردووە[10]، دەشگونجێت میرەکان بەشداریو هاوکاری سەربازیان بە ئەرك لەسەر دانابن، لە بەرامبەر پاراستنیان، هەرچەندە لەم بارەیەوە هیچ دەقێکمان دەست نەکەوتووە.

---

[1] بڕوانە: مەهدی هەروتی، ڕۆڵی سەربازی کورد، ل ٥٠ ئەوانی تر.

[2] مێژووی میافارقینو ئامەد،ل١٦.

[3] شێروە بن مم: حاجبو دەمڕاستی میر ممهد الدوله بووە، بەڵام ڤین لەدڵ بوو لەمیر، کە لە قەڵای هتاخ میری ناوبراوی غافڵ کوژکرد. فرست مرعی، الامارات الكوردية، ص٢٧٩.

[4] فارقی، مێژووی میافارقینو ئاماد ، ل ٤٩.

[5] مێژووی میافارقینو ئاماد ، ل ١٠٨.

[6] لە سنوری قەڵەمڕەوی مەڕوانیدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنو گورجو ئاشور نیشتەجێبوون، بە دەیان دێرو کەنیسەیان هەبووە، بۆ زانیاری بڕوانە: فرهاد حاجی عبوش، المدينة الكوردية، ص٢٤٩؛ حکیم ئەحمەد مام بکر، وڵاتی کوردان لە دیدی گەریدەو وڵاتناسانی موسڵماندا، ل٣٤٥.

[7] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ١١٧.

[8] ابن الاثير، الكامل، ج ٨، ٢٩٩.

[9] مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ١١٧.

[10] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ٤٩.

ئەمە جگە لەوەی کە هەر یەك لە ڕەگەزەکانی عەرەبو تورك لە پێکهاتەی هێزی سەربازی مەڕوانیدا ڕۆڵی دیاریان هەبووە[١]، کە بەشێك لەو ڕەگەزانە جەنگاوەری خۆبەخش (حەزەکی) بوون، لەمبارەیەشەوە بەڵگەی زۆر لەبەردەستن، کە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە لەشەڕەکانیاندا بە تایبەت بەرامبەر خانەی بێباوەڕان لە زۆر لاوە سەربازی حەزەکی بەشداری شەڕیان کردووە[٢]، هەڵکەوتەی سنوری جوگرافی ئەم میرنیشینە بەشداری ئەوانی کردۆتە ڕاستیەکی مێژووی بەڵگە نەویست، هەر لەوچواچێوەیەشدا جەنگاوەرانی هۆزە کوردەکان ڕۆڵی دیاریان وەك خۆبەخش گێڕاوە[٣]، لەمبارەیەشەوە دەبێت ڕۆڵی بەتایبەت نصرالدولەمان لەبەر چاو بێت لە پاراستنی ناوچە کەوشەنەکان[٤]، بەخشینی نازناوە گەورەکانیش لە لایەن خەلیفەی عەبباسیەوە بەڵگەنلەسەر لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵەی کە ئەو میرە گێڕاویەتی[٥].

ئەوەی لەم بارەیەوە خرایە ڕوو لە بوونی تایفەگەلی جۆربەجۆر لەناو پێکهاتەی هێزی سەربازی میرنشینی حەسەنوەیهیو مەڕوانیدا، وەك سروشتی پێکهاتەی هەر هێزێکی تر دەکرێت کارێکی ئاسایی بووبێت، چونکە بەهەمان شێوەش کورد وەك ڕەگەزێکی کاریگەر بەشداری لە سوپای هێزەکانی تردا کردووە، پاڵنەرو هۆکاری جیاجیاش لە پشت بەشداریکردنیەوە بوون[٦].

ئەگەرچی گرنگە سوپا بە قەبارەو ژمارە لە هێزی دوژمن گەورەتر بێت، بەڵام لەوەش گرنگترچۆنیەتی بەکارهێنانی جەنگاوەرانە لە مەیدانی شەڕدا لە ژێر فەرماندەی سەرکردەدا، کە بۆخۆی هونەرێکی گرنگی جەنگە[٧]، لەم ڕوانگەیەشەوە میرەکان بایەخیان بە قەبارەو ژمارەی هێزی سەربازیان داوە، ڕووداوی واش هەیە کە وەك هونەرو تاکتیکێکی سەربازی میرێك ژمارەی هێزەکەی زۆر پیشانداوە، بۆ نموونە میر باد کە بەگەواهی مێژوونوسان لێهاتوو چاونەترس بووە، کاتێك هاتە دیار نصیبین بۆ چاوترسێنکردنی دوژمن گاڕانێکی بە دوندی کێوانەوە وەرکردوو داوای لە جەنگاوەرانی کرد نیو نێوە شمشێرو تیغو خەنجەری ڕووت بە دەستەوە بگرن، بۆ ئەوەی باقو بریقیان بدرەوشێتەوەو بگاتە بەرەی دوژمن، لە وێڕا وابزانن ئەوە هەموو لەشکرو ئاپۆرەی جەنگاوەرانە[٨]، هەرچۆنێك بێت بەوردی ناتوانرێت ڕێژەو ژمارەی سەربازانی هیچ کام لە میرنشینەکان دەستنیشان بکرێت، چونکە لە لایەك هیچ ئامارێکی وردو دەقێك لەبەردەستدا نییە، کە ئاماژەی بە ژمارەی جەنگاوەرانی هیچ کام لە میرنشینەکان کردبێت،هیچ بەڵگەیەکیش نییە، کە بە ورد ناوی سەربازان لە تۆمارێکدا تۆمار کرابێت، ئەگەر هەشبوبێت مێژوونوسان لە دووتوێی سەرچاوەکانیاندا تۆماریان نەکردووە، چونکە ئەوەندەی بایەخیان بە روداوەکان داوە ئەوەندە بایەخیان بە ژمارە نەداوە، لایەکی تریشەوە بە پێی سیاسەتی میری فەرمانڕەواو چالاکیە سەربازیەکانی لە کاتێکەوە بۆ کاتو سەردەمێکی تر دەگۆڕا، ئەوەی کە لەسەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە ڕێژەی هێزێکە کە بۆ چالاکی یان شەڕێك ئامادەکراوە لە کاتێکی دیاریکراودا،

---

[١]عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ج ٢، ص١٢٧.

[٢]بۆ نموونە بڕوانە: ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص ٧٤٠، ص ٧٦٤،ص ٧٧٠، ص ٧٧٦.

[٣]زرار صديق توفيق، کوردوکوردستان لە رۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا، ل٢٠٠.

[٤]ابن الجوزي، المنتظم، ج٨، ص٢٢٢؛ زرارصديقتوفيق،کوردو کوردستانلەرۆژگاریخیلافەتیئیسلامیدا، ل٢١٧.

[٥]وەك نازناوەکەی نصرالدولە بۆ نموونە بڕوانە:ناصر خسرو، سفرنامە، نقلە الى العربية وقدم لە وعلق عليە يحيى الخشاب، مطبعة لجنة التأليف والترجمة، (القاهرة:١٩٤٥م)، ص ٨.

[٦]لەم بارەیەوە بڕوانە: مەهدی عوسمان هەروتی، ڕۆڵی سەربازی کورد، ل ٢٢ ئەوانی تر.

[٧]سون تزو، هونەری جەنگ، وەرگێڕانی ڕەوف حەسەن، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، بێ ساڵی چاپ، ل٧٨.

[٨]الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص٥٥؛ فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل١٩، پەراوێزی(٢).

تەنها ئەوەی دەتوانرێت ئاماژەی بۆ بکرێت لە لێکدانەوەی هەندێ ڕووداوە، کە بۆ ئەو مەبەستە سودمان لێوەرگرتوون، بۆ نموونە میر حسنەوەیهی ساڵی (٣٦٦ك/ ٩٧٦ز) بەسەرکردایەتی (عبدالرزاق و بدر)ی کوڕی سوپایەکی هەزار سوارەی بۆ یارمەتیدانی عزالدولە بختیاری بوەیهی لە واست نارد[1]، لە کاتو ڕووداوێکی تری لەمشێوەیە میر بدر لە ساڵی (٣٧٩ك/ ٩٨٩ز)دا بە چوار هەزار جەنگاوەر یارمەتی فخرالدولەی بویهی دا[2]، بەڵام ئەم ئاماژانە سوپای ڕاستەقینەی ئەو میرنشینە نین، بەڵکو ئەمانە تەنها بەشێك بوون لە سوپاکەیان، کە بۆ یارمەتی هاوپەیمانەکانیان ناردویانە، چونکە ناشێ میرێك مەترسی لەسەر خۆی دروست بکات، بەوەی کە کۆی سوپاکەی لە بەرژەوەندی هێزێك بەکاربهێنێت، لە کاتێکدا خۆی پێویستی پێی بێت، بەتایبەت لەو هەلومەرجەش کە ئەو میرنشینەی پێدا تێپەڕیوە، بەڵام پێدەچێت کە سوپای حەسەنوەیهی لە سەردەمی میر بدردا ( ٣٦٩- ٤٠٥ك/ ٩٧٩- ١٠١٥ز)و بەتایبەتر لەماوەی نێوان ساڵانی( ٣٨٧-٣٩٧ك/ ٩٩٧-١٠٠٧ز)دا لەوپەڕیدا بووبێت، چونکە دەتوانین ئەو ماوەیە بەسەردەمی درەوشاوەییو هێزی ئەو میرە دابنرێت، بەچەند بەڵگەیەك، لەوانە لەساڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ز)دا نمایشێکی سەربازی بە چەكو ئەسپو ئامرازو ئامێری سەربازیەوە ئەنجامدا، کە هەرلە دەروازەی شاری (الری)ەوە بۆ شاپورخواست بەهەردوو بەری ڕێگەکەدا هێزی سەربازی خۆی ریزکرد[3]، لێکدانەوەی دوری ماوەی نێوان ئەم دوو شارە زۆری ژمارەی هێزی سەربازی ئەو میرەمان بۆ دەردەخات،دیارە هەر لەبەر بە هێزیو فراوانبوونی دەسەلاتیو هەژموونی بەسەر کاروباری سیاسیو سەربازی ناوچەکە دابووە، کە لەساڵی (٣٨٨ك/٩٩٨ز)دا لە لایەن دیوانی خەلافەتی عەبباسیەوە نازناوی (ناصر الدین والدولة)ی پێ بەخشراوە، بەمەش پلەو پایەی گەورە بوو[4].

بەپێچەوانەشەوە لەهەندێ بارودۆخی تایبەتیدا میرەکانی ئەم میرنشینەش داوای یارمەتیان لەهێز ومیرەکانی ڕەگەزەکانی بێگانە کردووە، بێگومان ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر گۆڕانی ڕێژەو قەبارەی هێزی سەربازی ئەم میرنشینە، وەك یارمەتی خواستنی میر بدر لەبوەیهیەکانو ابا الفتح عنازی ساڵی (٣٩٧ك/١٠٠٧ز) دژی هیلالی کوڕی، یارمەتی خواستنی لە چەند میرێکی عەرەبو کورد بەمەبەستی پەلاماردانی بەغدا، کە کۆی ئەو هێزەی کۆبۆوە بوو بە دەهەزار سوارچاك[5]، هەرچەندە لە چوارچێوەی پەیوەندیە سیاسیەکاندا ئەم جۆرە یارمەتیە خواستنانە ئاساین، بەڵام ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە کە ژمارەی سوارەو جەنگاوەرانی ئەو میرە لە کەمی دابێت، بەهۆی ئەو شەڕو جەنگە زۆرانەی کە ئەو میرە ئەنجامی داون، جۆرێك لە بێزاریو لەناو سوپاکەیدا سەریهەڵدا بێتو وازیان لە کاری چەکداری هێنابێت، وە توندوتیژی میری ناوبراو بەرامبەر بە زۆرێك لە سەرکردە سەربازیەکانیو هەتا لەناوبردنی هەندێکیان، دوای ئەوەی سنوری دەسەڵاتی خۆیان بەزاندو پۆستەکانیان خراپ بەکارهێنا، بۆ خۆدەوڵەمەند کردنو داگیرکردنی زەویو زاری جوتیارانو لەناوبردنی بەرهەمەکانیان، کە کاریگەری خراپی کردبووە سەر باروگوزەرانیان، بە تایبەتیش بەرزیکانیەکان، کە لەم بارەیەوە بە خراپترین هۆز ناسرابوون[6]، بەمەش تورەو دڵشکاوی کردنو لێی دوورکەتنەوە، پێمان وایە هەرئەمەش بوو لە کاتێکی

[1] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٣٤٥.

[2] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٤٢٩؛نەقشبەندی، شارەزوورو لورستانی باکور، ل ٤١٠.

[3] روذراوري، ذیل تجارب الامم،ج٦،ص١٧٥؛نەقشبەندی،شارەزوورو لورستانی باکور،ل ٤١٠.

[4] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٥٠١.

[5] ابن الاثیر،الکامل،ج٧،ص٥٤٦.

[6] الروذراوري، ذیل تجارب الامم، ج٦، ص١٧٣؛ سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ص٢٩٧.

چارەنووس سازدا وەك تۆڵە كردنەوەی لێی هەڵگەڕانـەوە، نـەك ئـەوەی دەوترێت قرچۆكو پیسكە بوو بێت لـە بەخشینی پارە پێیان، هەرچەندە ڕەنگە ئەمەش هۆكارێك بووبێت، بەڵام هیلال دەستی نەگرتن لە تاڵانو خراپەكاریدا، بە پێچەوانەوە زۆر لە سەرچاوەكان باسی سەخاوەتیو بەخشندەیی میر بدریان كردووە[1]، بەڵام زیادەڕۆی نەكردووەو پسپۆر بووە لە كۆكردنەوەی داهاتو خەرجكردنیدا، ئەوەتا كاتێك (الروذراوري) باسی خەسڵەتەكانی میرو سەركردەی سەركەتوو دەكات، هەموو ئەوانەی لە میر بدردا بەدیكردووە، كە دەڵێت: (( ئاگای لەسیاسەت بێتو سەرباز سڵی لێبكەنەوەو دادپەروەربێتو لەكۆكردنەوەو خەرجكردنی داهاتدا شارەزا بێتو ئارەزووی لەكاری چاكە بێتو ...خاوەنی ڕاوبۆچوونی خۆی بێتو لە جەنگدا ئازاو چاو نەترس بێت))[2].

ئەوەی باسمان كرد سەبارەت بە میرنشینی مەڕوانیش هەر ڕاستە،كە ناتوانرێت بەوردی قەبارەی ڕاستەقینەی سوپاكەیان دیاریبكرێت، بەڵكو ئەو ئاماژانەی كە هەن بۆ كاتو سەردەمێكی دیاریكراون، بۆ نموونە میر باد بۆ گرتنی موسڵ شەش هەزار جەنگاوەری كوردی لەگەڵ دابووە[3]، كە دەشێ جگە لەكورد لەپاڵ هێزەكەیدا جەنگاوەری لە ڕەگەزەكانی تریش لەگەڵدا بووبێت، بەڵام ئاماژ بۆ ژمارەیان نەكراوە، هەرچەندە ئەو ژمارەیەش تەنها گریمانەو خەمڵاندنە نەك ئامارێكی فەرمی بێت، كە بەوردی ژمارەیان دەست نیشان كرابێت، پەلاماردانی ناوچە ئەرمەن نشینەكان لە ساڵی ( ٤٣٢ك/ ١٠٣١ز) لە لایەن جێگری نصرالدولە لەسەر شاری جزیرە بە دەهەزار جەنگاوەرەوە ئاماژەیەكی ترە[4]، بەشداری كورد بە دەهەزار جەنگاوەر لە شەڕی ملازگردا ساڵی (٤٦٣ك/ ١٠٧١ز) لە پاڵ سوپای سوڵتان الب ارسلان(مردوو لە ٤٦٥ك/ ١٠٧٣ز)ی سەلجوقیدا[5]، ئاماژەن بۆ ژمارەی سەربازانی كورد، هەرچەندە بە شی زۆری ئەو ژمارەیە سەربازی حەزەكی خۆبەخش بوون، بەڵام دەگونجێت لە كۆی ئەو هاوكاریە دارایەی كە میر (نظام الدین)ی مەڕوانی پێشكەش بەو سوڵتانەی كرد، بەشێكی یارمەتیەكانیشی ئەو هێزە مرۆیە بووبێت، چونكە سوڵتان خۆی هێزێكی كەمی لەگەڵ دابوو، بەبەراورد بە هێزی ڕۆم كە سوپایەكی سێ سەد هەزار جەنگاوەری بوو[6]، لە زۆر شوێنو ڕوداوی تردا بە ژمارە ئاماژە بەو سوپایە نەكراوە، كە بۆ جەنگەكان ئامادەكراوە، بەڵكو لە سەرچاوەكاندا بە زاراوەكانی بۆ نموونە وەك (فجمع ابن مروان...فجمع عساكرو عزم علی غزوهم...فكثر جمعه من الجندو المتطوعة..) ئاماژەكراوە[7]، هەر بۆ نموونە بۆ پاراستنی ناوچە كەوشەنەكانی نصرالدولە سەنگەرەكانی ڕووبەڕوبونەوەی قایمو پڕچەك كرد، خۆبەختكارانی لە كونو كەلەبەرەكانی جێگیركردو تەنها لە ئامەد چواردە بارەگای سازدانو هەزاران جەنگاوەری ڕاهێنراو هەبوون، بەم هۆیەشەوە ئارامیو هێمنی باڵی بەسەر ناوچەكەدا كێشابوو[8].

---

[1] بڕوانە: الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص١٧٣-١٧٤؛ابن الجوزي، المنتظم، ج٧، ص٢٧٢؛ ادم متز، الحضارة الاسلامية، ج١، ص٦٦.

[2] ذيل تجارب الامم، ج٦، ص ١٧٣.

[3] الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص١٠٨؛ زرار صديق توفيق، كوردو كوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا،ل ١٩٩.

[4] ابن الاثير،الكامل،ج٧،ص٧٥٥.

[5] الدواداري، كنز الدرروجامع الغررة الدرر المضيئة في اخبارالدولة الفاطمية،ج٦،تحقيق صلاح الدين منجد، (القاهرة:١٩٦١م )،ص ٣٩٣، نشتیمان بەشیر، كوردو سەلجوقیەكان، ل٢٣٨.

[6] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل١٠٨؛ البنداري، تاريخ دولة السلجوق، دار الافاق جديدة، ط٢،(بيروت:١٩٧٨م)، ص ٣٩-٤٠.

[7] بۆ نموونە بڕوانە:ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص ٧٧٠، ص ٧٧٧.

[8] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل؛ زرار صديق، كوردو كوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا، ل ٢١٧.

هەڵکەوتەی جوگرافی سنوری میرنشینی مەڕوانی لە ناوچە کەوشەنەکانی خانەی بێباوەڕان (دار الكفر یان دار الحرب)، وایکردووە کە بەشێك لە جەنگاوەرانی ئەم میرنشینە لە خۆبەخشەکان بن، بۆیە هەر کاتێك میرەکانی ئەم میرنشینە مەبەستیان بووبێتو مەترسی لەسەر دار الاسلام هەبووبێت، لە هەموو لایەکەوە یارمەتی سەربازیان پێگەیشتووە، ڕەنگە لەم بارەیەوە وتەکەی میر ابو علی کوڕی مەڕوان باشترین بەڵگە بێت، کاتێك بەشێك لەناوچە کەوشەنەکانی سنوری دەسەڵاتی کەوتە بەر مەترسی هێرشی ڕۆمەکان، کە ووتی ( سبەینێ هەموو سوپای ئیسلام دەگات)[1]، بەمەش پێمان وایە بە ژمارەو قەبارە سوپای مەڕوانی لە سوپای حەسەنوەیهی زیاترو گەورەترە بووە.

ئەوەی شایەنی باسە میرەکانی میرنشینی حەسەنوەیهی مەڕوانیش نەك تەنها بەرامبەر سوپای بێباوەڕان، بەڵکو لەهەر بارودۆخێکدا پێویستیان بە هاوکاری سەربازی بوایە، داوای یارمەتیان لە هۆزو خێڵە کوردیەکان دەکرد، باشترین بەڵگەش لەم بارەیەوە یارمەتی خواستنی نصرالدولە بوو لە هۆزە کوردەکان، بەمەبەستی چەسپاندنی پایەی دەسەڵاتیو زاڵبوون بەسەر هەڵگەڕانەوەی شێروەو ئیبن فیلوس دا پەلاماردانی شاری میافارقین بوو، ئەوەبوو هێزێکی گەورەیان ئامادەکرد بە بێئەوەی هیچ داواکاریەکی پێشوەختەیان لە میر هەبێت[2]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر هۆزێك بەپێی قەبارەی خۆی هێزێکی خێڵەکی جەنگاوەری هەبووە، هەروەك توێژەرێکیش ئاماژەی کردووە، زاڵی خەسڵەتی شەڕو شەڕانگێزی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، وایکردووە کە بە هێزیو سنوری قەڵەمڕەوی بنەماڵەو خێڵە دەرەبەگاکانی کوردستان، بە پێوەری ژمارەی ئەو شەڕەڤانو جەنگاوەرانە کە هەر خێڵێك خاوەنی بووە دیاریبکرێت[3]، هەروەك (العمري) جەنگاوەرانی هۆزی هەکاری بەچوار هەزارو زرزاریەکانی بە پێنج هەزار داناوە[4]، هەریەك لە هۆزەکانی گۆرانو گلالی(جلالی)و صولیو حمیدیەکانیش خاوەنی هەزار جەنگاوەر بوون[5]، زیاتر لەوەش گەڕیدەیەکیش ژمارەی خێڵو هۆزەکانی کوردی بە شەش هەزار داناوە، کە هەریەکەیان خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بە هێزبوون، ئەمەش هێزێکی گەورەی خێڵەکی لە کوردستان هێناوەتە ئاراوە، کە بە نیو ملیۆن جەنگاوەر خەملێنراوە[6].

بەلێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەوەی کە لەسەرچاوەکاندا هاتووە، هەر شارو قەڵایەك خاوەن هێزی سەربازی تایبەت بەخۆی بووە، کە بەشێکیان وەك پارێزەری تایبەتیو پاسەوانی قەڵاو دەرگەوان بوون[7]، کە لە لایەن جێگری میرەوە بەڕێوەدەبران، ئەوە جگەلەوەی میرنشینەکە سوپای تایبەتی خۆی هەبووە، سوپای شارەکانیش بەشێك بووە لە لەشکری گشتی، وەك جێگرەکانی یان نوێنەرەکانی میر بدر ابن ماضي و ابن عسى، هلالیش خاوەن سوپای خۆی بوو[8]، جێگری نصرالدولەش لەسەر شاری جزیرە خاوەنی دە هەزار جەنگاوەر بووە[1]، بە

---

[1] فارقی، مێژووی میافارقینو ئاماد، ل ٢٣.

[2] فارقی، مێژووی میافارقینو ئاماد، ل٤٦، زرارصدیقتوفیق،کوردو کوردستان لەرۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا، ل ٢٠٧-٢٠٨.

[3] رسول ابراهیم رسول، کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانییەکان بۆسەر کوردستان، ل ١١٩.

[4] مسالك الابصار في ممالك الامصار، السفرالثالث ممالك الشرق الاسلامي والترك ومصرو الشام والحجاز، تحقيق احمد عبدالقادر الشاذلي، المجمع الثقافي، (ابوظبي:٢٠٠٣)، ج٣، ص٢٦٦، ص٢٧٠.

[5] العمري، مسالك الابصار،ج٣، ص ٢٦٠-٢٦١؛ القلقشندي، صبح الاعشى في صناعة الانشاء، شرحه وعلق عليه محمد حسين شمس الدين، دارالكتبالعلمية ، (بيروت:١٩٨٧م)، ج٤، ص٣٧٣-ص ٣٧٥.

[6] ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامە(کوردلەمێژوویدراوسێکانیدا)، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، (بەغدا:١٩٧٩ز)، ل٩١.

[7] فارقی، مێژووی میافاقینو ئامەد،ل٤٣.

[8] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٥٦٤.

تایبەت کە ئەو میرە کوردە لە سیاسەتی ناوخۆیدا پەیڕەوی لەوە کردووە میرو سەرۆك خێڵەکان قەڵاو دەڤەری سەر بەهۆزەکانیان بەڕێوەبەرن[٢]، فارقی بەڵگەیەکی ترمان دەخاتە بەردەستو ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئامەد سەرلەشکری خۆی هەبووە[٣]، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ قەبارەو هێزی سەربازی میرنشینەکان، هەر لەبەر ئەو جۆراوجۆریو پەرشو بڵاوی هێزەکانیشە، کە ناتوانرێت دەست نیشانی قەبارەی ڕاستەقینەی لەشکرەکانیان بکرێت.

## دووەم/ ڕێکخستنی هێزی سەربازی:

گرتنە ئەستۆی کاروباری ژمارەیەکی زۆری سەرباز لەگەڵ ژمارەیەکی کەم هیچ جیاوازیەکی نییە، لە هەردوو حاڵەتدا دەبێت بە تەنگ ڕێکخستنەوە بیت، یەکەمین شتێك کە ئەرکەکانی هەڵمەتی سەربازی دەیسەپێنێ، دیاریکردنی ئەرکو بەرپرسیاریەتیەکانی سەرۆکەکانو یاریدەدەرەکانیانە، ئەوجا دیاریکردنی هێزو وزەی سەربازیەکانە لە پلەوپایە جۆراوجۆرەکانو ڕاهێنانو ڕێکخستنیانە[٤]، لەبەرئەوە بەهێزی لەشکر تەنها بە ژمارەو پێکهاتەی سەربازیەوە پەیوەست نییە، بەڵکو لایەنێکی گرنگی بە جۆری ڕێکخستنو لایەنی کارگێڕیەوە پەیوەستە، بەواتایەکی تر چەندە ئەم لایەنە گرنگە، لایەنی کارگێڕیو سازدانو گونجاندنی ڕەگەزەکان بەیەکەوەو پەیوەندیو مامەڵەی سەرۆكو دامەزراوە سەربازیەکان بەیەکەوە ڕۆڵیان لە یەکلایکردنەوەی شەڕەکاندا هەیە، ئەو ڕێکخستنو بەیەکەوە گونجاندنو دروستکردنی هاو دەنگیەش، کە بۆ بەربەستی هێرشی دوژمنو بەرەڤانیو تێکشکاندنی دوژمن پێویستە، ئەرکی سەرەکی سەرکردەو فەرماندەی لەشکرە[٥]، هەرچەندە زانیاری لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنو تەیارو ئامادەکردنی هێزی سەربازی میرنشینەکان کەمە، بەڵام ناکرێت بایەخیان بەم بابەتە گرنگە نەدابێت، بەتایبەت لەو بارودۆخەی کە ئەوان فەرمانڕەوایانکردووە، لە لایەکی تریش مانەوەیان بە بەهێزیو سەرکەوتنیان لەزۆر لەشەڕەکاندا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت.

لە مێژووی میرنشینەکاندا میر وەك خاوەن دەسەڵاتی یەکەم، شەڕ ڕاگەیاندنو پەیمان بەستنو دانانو لابردنی بەرپرسان تەنها مافی ئەو بووە[٦]، هەر خۆی سەرکردەی سوپاو هێزی سەربازی میرنشینەکەی بووە، لەنموونەی میر حسنوەیهی کوڕی حسێن[٧]، ئەگەرسەرنج لە مێژووی هەردوو میرنشینەکە بدەین، ئەوا بەڕوونی ئەوە بەدی دەکەین کە سەرکردایەتی هێزی سەربازیان ڕاستەخۆ لەلایەن میرەوە سەرپەرشتی کراوە، یان بەواتایەکی تر لەژێر فەرمانو سەرکردایەتی میردا بووە، ئەمەش لە هۆشی سیاسیو سەربازی میرەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە تاڕادەیەکی زۆر چارەنوسو مانو نەمانیان پەیوەندی بە لایەنی سەربازیەوە هەبووە، هەربۆیەشە ئەوەی لەم بارەیەوە تێبینی کراوە بە خشینی پۆستە سەربازیەکانە بە هاوخێڵو ڕەگەزەکانیان، بەمەبەستی بەگرتنی

---

[١] ابن الاثیر،الکامل،ج٧،ص ٧٥٥.

[٢] زرار صدیق، کوردو کوردستان لە رۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا، ل٢١٤.

[٣] مێژووی میافارقینو ئامەد، ل٥٣، ل٦٦.

[٤] أحمد شوقي عبدالرحمن، فن القیادة وعلاقته بعلم النفس العسکري، الطبعة الثانیة، ١٩٤٨، ص١١٢؛سون تزو، هونەری جەنگ، ل ١١٣.

[٥] أحمد شوقي عبدالرحمن، فن القیادة وعلاقته بعلم النفس العسکري، ص١١٢.

[٦] حسن الباشا،الالقاب الاسلامیة فی التاریخ والوثائق ولآثار، مکتبة النهضة المصریة، (القاهرة:١٩٥٧م)،ص١٨٠.

[٧] ابن الاثیر،الکامل، ج ٧، ص٣٧٠.

مانەوە لە ژێرفەرمانی میرو دورکەوتنەوە لە هەڵگەڕانەوەی سەربازی، هەرچەندە ڕووداوی لەم جۆرەش بەرچاودەکەون.

ئەم سیاسەتەشیان بە کردار پیادەکردووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە زۆر لە هێرش پەلامارەکانیاندا خۆیان سەرکردایەتی لەشکرەکانیان کردووە، وەك سەرکردایەتی میر(حەسەنوەیهی بەرزیکانی) ساڵی(٣٥٩ك/ ٩٦٩ز) بۆ سەر حاکمی نهاوند (سهلان بن مسافر)[١]، فراوانخوازیەکانی میر (باد)بەرەو دیاربکرو میافاقین[٢]، سەرکردایەتی کردنی سوپای مەڕوانی لە لایەن ابوعلی حسنی مەڕوانی ساڵی( ٣٨٣ك/ ٩٩٣ز) بۆ بەرگری کردن لە ناوچە کەوشەنەکان[٣]، سەرکردایەتی سوپای حەسەنوەیهی لە لایەن میر بدرەوە نموونەیەکی دیارە لەم بارەیەوە، کە لە زوربەی کات ڕاستەخۆ سەرکردایەتی شەڕەکانی کردووە[٤]، لە پێودانگی سەربازیشەوە ئەوە لێهاتووی هۆشی سەربازی میر یان سەرۆك دەگەیەنێت، چونکە هەروەك سەربازیەکان لێکیان داوەتەوە چالاکیە سەربازیەکان( چ هێرشبردن یان کشانەوە)بێت، ئەرکێکن تەنها لەئەستۆی سەرکردەدان‌و بە پێی بارودۆخ‌و هەڵسەنگاندنی وردی هەلومەرجەکان هەر ئەو بەرپرسە لێیان، لەو ئێش‌و ئازارەش نەفرەتی تر نییە، ئەو لە پایەتختەوە سەرکردایەتی سوپا بکات[٥]بەڵام ئەمە روێکی نەرێنیشی هەیە، کاتێك سەرکردە یان میر دەگیرێت یان دەکوژرێت، ورەی هێزی سەربازی لە کزی دەدات‌و سوپا دەشکێت، نموونەی لەمجۆرەش زۆرە، وەك تێکشکانی لەشکری کوردان دوای کوژرانی باد، شکانی سوپای بدر دوای بەدیلگیرانی، ناشگونجێت لە هەموو بارێکدا میر پایتەخت بەجێبهێڵێت‌و ڕوو لەئۆردوی شەڕ بکات، بۆیە لەزۆر حاڵەتیشدا بۆ سەرکردایەتی چالاکیە سەربازیەکان پشتیان بەکەسە نزیکەکانی خۆیان بەستووە، ئەرکی سەرکردایەتی لەشکریان پێسپاردوون، وەك سپاردنی ئەرکی سەرکردایەتی سوپایەکی هەزار سوارەی لە لایەن میر حسنەوەیهی بە( عبدالرزاق‌و بدر)ی کوڕی[٦]، سەرکردایەتیکردنی سوپای میر بدر لە لایەن ابی عسی بن شاذی ساڵی (٤٠٠ك/ ١٠١٢ز) لە بەرامبەر هیلالدا[٧]، نموونەی لەجۆرە لە مێژووی میرنشینی مەڕوانیشدا بەرچاو دەکەون، وەك ئەو ئەرکەی کە میر نصر الدولە ساڵی (٤٢٠ك/ ١٠٢٨ز) بە سلێمانی کوڕی سپارد بەرامبەر غوزەکان[٨]، لە ساڵی (٤٢٣ك/ ١٠٣١ز) سەرکردایەتی سوپایەکی تری کرد بۆ سەر ناوچە کەوشەنەکانی ئەرمەن نشینەکان[٩]، ئەمانە نموونەی چەند ڕوداوێکنن کە دەکرێت دەیان ڕوداوی تریش هەبن، چونکە ناکرێت میرنشینێك دەیان ساڵ فەرمانڕەوایی کردبێت، تەنها چەند دیمەنێکی سەربازی ڕویاندابێت، بەڵام بە پێویست نەزانراوە بەدرێژتر باس بکرێن.

---

[١]ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٢٩٢.

[٢]بڕوانە: فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل١٤- ل١٥.

[٣]فرست مرعي، الامارات الکوردیة، ص ٢٦٢.

[٤]بۆ نموونە بڕوانە ڕوداوی ساڵەکانی ( ٣٧١و ٣٩٧و ٤٠٠و ٤٠٥)کۆچی.

[٥]سون تزو، هونەری جەنگ، ل٨٢.

[٦]ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٣٤٥؛ مەهدی عوسمان، ڕۆڵی سەربازی کورد، ل١٤٤.

[٧]ابن الاثیر، الکامل،ج٧،ص٥٦٤.

[٨]ابن خلدون، العبر،ج٤، ص٣١٢؛کرڤان محمد احمد امدي، الکرد فی کتابات المؤرخ ابن الاثیر الجزری، دارسپیرێز، (دهوك:٢٠٠٦م)، ص١٨٤.

[٩]ابن الاثیر،الکامل،ج٧، ص ٧٥٥؛ فرست مرعي، الامارات الکوردیة، ص٣٠٠.

سەبارەت بەکاروباری کارگێڕی سەربازیش، ئەوا دیوانی سەربازی(سوپا)[١]وەك یەکەم دامەزراوەی سەربازی کەلە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەرکەوتووە، بەرپرسی کاروباری تایبەتی سوپا بووە، لە تۆمارکردنی ناوی جەنگاوەران‌و بڕینەوەی موچە یان پێدانی دەستکەوتەکانی شەڕ پێیان جوێکردنەوەیان بە پێی پلەوپایەیان‌و سەرپەرشتی کردنی کاروباری سەربازی هاوشێوەی وەزارەتی بەرگری لەئێستادا[٢]، کە مەرج بوو ئەو کەسەی دەکرێت بە بەرپرسی ئەم دیوانە شارەزای کاروباری سەربازی بێت‌و ئیش‌و کارەکانی تایبەت بەم دیوانە رێکبخات[٣]، کە هەرچەندە لە مێژووی میرنشینەکاندا بەم ناوە دەقێك دەست نەکەوتووە، بەڵام لەڕاستیدا هەردەبێت دیوانێکی لەمجۆرە یان هاوشێوەی ئەمە هەبووبێت، چونکە ئەوانیش خاوەنی هێزی سەربازی بوون، رێکخستن‌و دامەزراندنی‌و موچە پێدان‌و ئامادەکردنی تفاق‌و چەك‌و ئەسپ‌و ئامرازەکانی تری شەڕ، پێویستیان بە دەزگایەکی لەمجۆرە هەبووە، لەهەربارودۆخ‌و سنوری هەر دەسەڵاتێك بێت، ئەمانە کرۆك‌و مەرجی سوپایەکی تۆکمەو باشن، هەروەك توێژەرێکیش ئاماژەی کردووە، کە میرنشینی حەسەنوەیهی سوپایەکی هەمیشەیی رێکخراوی هەبووە، کە لەکاتی خۆیدا بەرێك‌و پێکی موچەیان بەسەردا دابەشدەکرا[٤]، بە بەڵگەی ئەوەش کە کاتێك موچەیان دواخرابا یان کەمیان پێدرابا ئەوا هێزی سەربازی ناچار بەهەڵگەڕانەوە کردووە[٥].

بەمیرنشینی مەڕوانیش بەهەمان شێوە خاوەن سیستەمێکی سەربازی پێشکەوتوو بوون، کە کاروباری سەربازی‌و ئامادەکردنی پێویستیەکانی شەڕی لەئەستۆ بووە[٦]، سەرباری دابەشکردنی خێروبێر وڵات‌و دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ بە هێزی سەربازی، پێدەچێت سەربازە هەمیشەیەکان بەپێی ئەو سیستەمەی کە خۆیان پەیڕەویانکردووە موچەیان پێدابن، بەگوێرەی ئەوڕوداوەی کە فارقی ئاماژەی بۆ کردووە، هەتائەو رادەی لەسەر پێنەدانی موچەو بەراتی خۆیان بەرپرسانیشیان کوشتووە[٧]، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەبێت دەزگایەك هەبووبێت بۆ سەرژمێرکردنی سەربازان‌و دیاریکردنی پلەو پێدانی موچە پێیان،لەلایەکی تریشەوە ئەم هێزە پێویستی بەڕاهێنان‌و دابینکردنی چەك‌و ئامادەکردنی ئازوقەو خاروبار لەکاتی جەنگدا هەبووە، سەبارەت بە پێدانی موچەشلە سیستەمی دەوڵەتی ئسلامیدا شێوازی پێدانی موچە یان دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ، بەپێی چەند بنەمایەك دابەشدەکرا، کە ساڵانە جارێك یان ساڵانە دوو جار یان مانگی جارێك، کە بەپێی سیاسەتی خەلیفە دەگۆڕا[٨]، لەڕاستیشدا پاڵنەری ئابوری رۆڵی گرنگی هەبووە لە چوونی جەنگاوەران بۆ ناو سوپا، کە ئەویش بەشێوازی موچە (بەکرێگیراو) یان پێدانی تاڵانی جەنگ هاوکاری دەکران،

---

[١] دیوانی سەربازی: بۆ یەکەم جار لەسەردەمی خیلافەتی عمری کوڕی خطاب(ر.خ) سەریهەڵداوە، دوای فراوانبوونی فتوحات‌و زۆربوونی ژمارەی سەربازان، بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: الماوردي، الأحكام السلطانيةوالولايات الدينية، دراسةو تحقيق محمد جاسم الحديثي، مطبعة مجمع العلمي، (بغداد:٢٠٠١م)، ص٥١٩؛ توفيق سلطان اليوزبكي، دراسات في النظم العربية الاسلامية، طبعة الثانية،١٩٧٩ان ص١٢٣.

[٢] عبدالنعيم محمد حسنين، سلاجقة ايران والعراق، مطبعة السعادة، مكتبة النهضة المصرية، الطبعة الثانية، (القاهرة:١٩٧٠م)، ص١٦٥؛ الزبيدي، العراق في العصر البويهى، ص ٨٧.

[٣] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٥٣١؛ توفيق سلطان اليوزبكي، دراسات في النظم العربية الاسلامية، ص ١٣٦.

[٤] نەقشبەندی، شارەزوورو لورستانی باکور، ل ٤٠٨.

[٥] ابن الاثير، الكامل، ج ٧، ص ٥٩٦؛ محمد جميل رۆژبەیانی، مێژووی‌حەسنوەیهی‌وعەییاری،دارالحريه،(بغداد:١٩٩٦ز)، ل ٩٠-٩١.

[٦] عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ج٢، ص ١٢٥.

[٧] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل ٦٦.

[٨] بڕوانە: الماوردي، الاحكام السلطانية،ص٥٢٤.

هەشبووە بە پاڵنەری جیهاد بەشداری کردووە[1]، پێدەچێت میرنشینەکانیش پەیڕەویان لە هەمان سیستەم کردبێت.

جگە لەپۆستی میرو دیوانی سوپا، پۆستی تری سەربازیش هەبوون، کە بەپێی شوێنیان دەسەڵاتیان پێدراوە، یەکێکی تر لەو پۆستانە کە بەتایبەت لەناو سیستەمی سەربازی میرنشینی مەڕوانیدا هەبووە، بریتیی بووە لە سەرداری سەربازان ( صاحب العسكر)، ئەویش لەو کاتەدا ئاماژەی بۆ کراوە، کە کاتێك میر نصر الدولە ساڵی (٤٥٣ك/ ١٠٦١ز) کۆچی دوایی کرد، وەزیر سەرداری سەربازانی (بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی بکرێت)بەدوای نظام الدینی کوڕی دا نارد بە مەبەستی دانانی بە میر[2]، بەو پێیەش بێت دەگونجێت سەرکردەی گشتی هێزی میرنشین بووبێت، کە دەسەڵاتی هاوشانی وەزیری بەرگری ئێستایە، هەربۆیەشە ڕۆڵی لە یەکلایی کردنەوەی پۆستی میریشدا هەبووە، هەروەك لە وتەی (فارقی)دا دەردەکەوێت، کە ئامادەی مەراسیمی پێدانی پۆستی میر بە نظام الدین بووە، دەشێ هەر ئەویش مەراسیمی سڵاوکردنی سەربازی بۆ میری نوێ ڕێکخستبێت، ئەمەش ڕۆڵی پۆستی سەرداری سەربازانمان لەو میرنشینەدا بۆ دەردەخات.

ئەمە جگەلەوەی پۆستی کارفەرمای سوپا (عارض الجيش) هەبووە، ابا حكيم کوڕی حەدیسی لەسەردەمی میر نصر الدولەدا خاوەنی ئەم پۆستە بووە[3]، ئەمەش بەبەراورد بە پۆستی صاحب العسكر دەکرێت بچوکتر بووبێت، هەرچەندە هیچ ئاماژەیەك لەسەر ئەرك‌و فەرمانەکانیان نییە، دەکرێت ئەرکیان بریتی بووبێت لە سەرکردایەتی‌و ڕێکخستن‌و تەیارکردنی هێزی سەربازی لە ئەگەری هەر ڕوداوێکدا، یان جێبەجێکردنی هەر فەرمانێکی سەربازی کە لەلایەن میرەوە دەرچووبێت، وە سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی کۆشکی میریان پێ سپێرابێت، چونکە بەگوێرەی ئەو ڕوداوەی کە لە نێوان اباحكيم‌و خزمەتکارێکی ڕویدا لەکۆشکی میردا بووە[4]، سەرلەشکر (مقدم) یان پێشەنگی سوپاش لەو پۆستانە بووە، کە ئەرکی بریتی بووە لە سەرکردایەتی کردنی هێزێکی سەربازی یان تیپێك لە جەنگاوەران لەکاتی هێرش‌و لەشکرکێشی بۆ سەر دوژمن[5]، کە لەلایەن میرەوە خاوەنی پۆستەکە دیاریدەکرا، وەك ئەو سوپایەی کە ساڵی (٤٢٧ك/١٠٣٦ز) نصرالدولە بۆ پەلاماردانی (الرها)ی نارد، کە سەرلەشکرەکە هەر بە مقدم نصرالدولە ناوی هاتووە[6]، بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر بوونی ئەنجومەنی سەربازی بووە، کە جێگای پرس‌و ڕاوڕاوێژی میرەکان بوون، بەتایبەت لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەو هەر پێشهاتێکی سەربازی ڕاوێژیان پێکراوە، بەگوێرەی ئەو بەڵگانەش کەلەبەر دەستن ئەو ئەنجومەنە لە وەزیرو سەرکردەکانی سوپاو بیرمەندانی خێڵ پێکهاتووە، کە بوونەتە هاوکارو یارمەتیدەری میر لە کاروبارە سەربازیەکاندا، ئەوەتا کاتێك میرنشینی حەسەنوەیهی ساڵی (٣٥٩ك/ ٩٦٩ز) خۆی لەبەردەم هێرشی (ابو الفتح)دا بینیەوە، میر حەسەنوەیهی دوای ڕاوێژکردن بە کەسە نزیکەکانی پێشنیاری ئەوەیان بۆ کرد، کە بەپارە قایلی بکات‌و خۆی لە ڕووبەڕووبونەوەی نەدات، ئەویش بە پارەی قایلی کرد[7]،میرەکانی مەڕوانیش هیچ کاروبارێکی

---

[1] توفيق سلطان اليوزبكي، دراسات في النظم العربية الاسلامية،ص ١٧٤.

[2] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل ١٠١.

[3] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل ٨٢.

[4] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل ٨٢.

[5] احمد عبدالعزيز، الامارة الهذبانية، ص ١٣٦.

[6] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٧٧٦؛ بسام العسلي، فن الحرب الاسلامي، ج٣، ص٣٣٩.

[7] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٣٧٤؛ امين زكي، تاريخ الامارات الكوردية، ص٩٠.

سەربازیان بێ ڕاوێژی وەزیرو کاربەدەستان ئەنجام نەداوە، بۆ نموونە نصرالدولە هەرلەسەرەتای وەرگرتنی پۆستی میرایەتەوە سودی لە بۆچونو ڕاوتەگبیرەکانی وەزیرو کەسە باوەڕپێکراوەکانی بینیووە[1]، میر نظام الدینیش هەربە ڕاوتەگبیری ئەنجومەنەکەی سەرکەتووبوو لە پاراستنی شاری میافارقین کە لەساڵی (٤٥٨ك/١٠٦٦ز) کەوتە بەرمەترسی ئابلۆقەدانو داگیرکردن، لە لایەن لەشکرێکی پێنج هەزار سەربازی سەلجوقیەکان بەسەرکردایەتی مێرێك بەناوی (سالار خوراسانی)[2]، ئەمانەش ڕۆڵ و کاریگەری ئەم جۆرە ئەنجومەنانەو گوێگرتن لە ئامۆژگاری کەسە لێهاتووو شارەزاکان لە مێژووی میرنشینەکاندا ڕووندەکەنەوە، جگەلەوەی دوورکەوتنەوەیە لە ڕا سەپاندنو گوێنەدان بە ئامۆژگاری دڵسۆزانو کەسە نزیکەکان، کە دواجار بە زیان بەسەر میردا شکاوەتەوە، لەمبارەیەشەوە گوێنەدانی هیلال بە ئامۆژگاریەکانی ابوعسی هەرچەند پرسو ڕاوێژی پێکرد لەبەرامبەر ڕووبەڕووبونەوەی فخر الملك، کە سەرئەنجام بەشکستی هیلال تەوابوو[3]، میری بدریش هەروەك توێژەرێك ئاماژەی کردووە، کە لەدوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایدا توشی جۆرێك لە لەخۆبایی بوون هاتبوو، دوای ئەوەی بووبە فەرمانڕەوایەکی پایە بەرزو دەست ڕۆیشتووی شەرعی بێباکانە هەڵسوکەوتی دەکردوو تاکڕوانە دەجوڵایەوەو گوێبیستی ڕاو ڕاوێژو ئامۆژگاری پیاوە دڵسۆزو نزیکەکانی نەدەبوو، بەڵکو تورەو دڵشکاوی کردن[4]، کە تەنانەت گوێی لەو کەسە نزیکەشی نەگرت کە هەواڵی غافڵکوژکردنی پێدا، تا سەرئەنجام بە کوژرانی کۆتایی بە دەسەڵاتی هات[5].

## سێیەم/ شێوازەکانی شەڕو جۆرو ئامرازی جەنگی:

مادام کێشەی مانو نەمانو گەشەو کاولبونی وڵات بە جەنگو لایەنی سەربازیەوە پەیوەست بێت، دەبێت سەرکردە بەپشت بەستن لەوەی هەیەتی لە زانیاری خۆییو لێهاتووی دەستو پێوەندەکانیو خوێندنەوەی نیەتو پلانی دوژمن، بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی پەنا بەرێتە بەر بەکارهێنانی شێوازو ئامرازی جۆراوجۆر، ڕەنگە شەڕیش گرانترینو شەکەت بارترین گرفتێك بێت، کە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە، چونکە پێشبینی کردن بۆ کۆتایی هاتنی زیاتر لە ئەگەرێك هەڵدەگرێت، ئەوەتا کاتێك (مسکویە)ی مێژوونوسو زانا لە (ابن العمید) دەپرسێت کاتی هێرشی بۆ سەر میر حسنەوەیهی، کە ئایا دەتوانێت سەرکەتووبیتو حەسەنوەیهی لەناوبەریت؟ ابن العمید سەرباری گەورەیو پرچەکی سوپاکەی، بەڵام نەیتوانی بە بەڵێ ولاّم بداتەوەیو پێشبینی سەرکەوتن بکات، بۆیە بەگومانەوە ڕایگەیاند کە ئەم کارە بەمزوانەو لەم کاتەدا گرانە، بەلاّم وردەوردە لەگەڵ ڕۆژگاردا لەناودەچێت[6]، لەبەرئەوە شەڕ پراکتیزەکردنو خواستو پلانو هەنگاو ئامرازو زەمینەسازی جۆراوجۆری پێویستە[7]، هەموو ئەمانەش لە مێژووی کۆنو نوێی شەڕدا هەریەکن، لە مێژووی میرنشینەکانیشدا بە پێی سیاسەتی میری فەرمانڕەوا هەلومەرجە سەربازیەکان گۆڕاون، هەندێ جار

[1] بڕوانە: فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ٤٦، ل٦٧، ل٧٠.

[2] بۆ درێژەی ڕوداوەکە بڕوانە : فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل١٠٣- ١٠٤.

[3] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٥٦٤؛ نەقشبەندی، شارەزووروو لورستانی باکور، ل٢٦٤.

[4] زرار صدیق، کوردو کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا، ل ١٦٣.

[5] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٥٩٦.

[6] تجارب الامم، ج٥، ص ٣٧٣.

[7] محمد امین علی، شەڕی گۆگامیلا، ل٢٠٨.

توانیویانە بەرگەی سەختی رۆژگار بگرن‌و باروذۆخ لە بەرژەوەندی خۆیان‌و میرنشینەکەیان کۆتای پێبهێن، هەندێ جاریش چارەنوسی خۆیان‌و مێرنشینەکەیان بەرەو هەڵدێر بردووە، نەیانتوانیوە بارو گوزەرانی دانیشتوان بپارێزن‌و ولات بەرەو وێرانبوون چووە، لە هەموو ئەو بارانەشدا شێوازی جۆراوجۆر لەشەڕو ئامرازی بەرگری جیاوازیان بەکارهێناوە، کە بەکورتی لەم تەوەرەیەدا باسیان دەکەین.

ئەو پێکهاتە سەربازیەی کە میرنشینەکان دروستیان کردبوو، پێکهاتوو لە تایفەگەلی جۆربەجۆر هەموویان بەسەر یەك دەستەو تاقمدا دابەشنەکرابوون، بەڵکو بەسەر چەند پۆلێکدا پۆلێنکرابوون، کە هەریەکەیان خەسڵەتی جیاوازی خۆیان هەبوو، ئەو جیاوازیو وێکچونەشیان لەجۆری چەك‌و جبەخانەو ئەرك‌و فەرمانیاندا دەردەکەوت، بەگشتی هێزی میرنشینەکان بەسەر دوو پۆلی سەرەکیدا دابەشکرابوون، کە بریتی بوون لە سوارەو پیادە.

<u>یەکەم/ هێزی پیادە (مشاة- الرجالة)</u>: بەشێکی تری هێزی میرنشینەکان بریتی بووە لە هێزی پیادە،ئەمانەش بەشی زۆری سوپایان پێکهێناوە، ئەرکی کوشتارو قورسایی شەڕو جەنگیان لەسەر شان بوو، بەپێی بەرەو مەیدانی شەڕ ڕێگایان دەبڕی‌و چەکی سوکیان هەڵدەگرت، دەبوایە دوژمن لە خەندەق‌و سەنگەران وەدەرنێن‌و بیانکوژن، ئەرکێکی تریان ئەوە بوو کە دەبوو سوپا لەپێشڕەوی ڕێگادا بپارێزن‌و نەهێڵن بەر پەلاماری ئەوبەرو ئەوبەری ڕێگا بکەوێت، کاروانی ئازوقەو جبەخانەیان لەبەر بڕو بۆسەی دوژمن دەپاراست‌و بەری ڕێگایان لەمەترسی ڕێگرو تالانچیان دەپاراست[1]، ڕەنگە پاراستنی ڕێگا بازرگانیەکان‌و ڕێگای سەفەری حەج لە لایەن میرانی میرنشینی حەسەنوەیهی بەم هێزانە سپێرابێت، بەتایبەت کە میر حەسەنوەیهی رۆڵی گرنگی لە لەناوبردنی ڕێگراندا بینیوە[2]، میر بدریش پارەیەکی زۆری لە کرێی پاراستن‌و چاکردنی ئەو ڕێگاوبانانەدا خەرجکردووە[3]، لەم نێوەندەدا میر نصرالدولەی مەڕوانیش رۆڵی باشی گێڕاوە، لە دابینکردنی سەلامەتی گیانی موسڵمانان کە بە سنوری مەملەکەتی ئەودا گوزەریان دەکرد لە دەست دزێژی بێباوەڕان دەیپاراستن[4].

<u>دووەم/ هێزی سوارە (خیالة)</u>: لە سەدەکانی ناوەراستدا ئەمانە بە شادەماری هێزی سەربازی دادەنران، کە رۆڵی کاریگەرو گرنگیان لە شەڕو جەنگەکاندا بینیووە، ئەمانە سوارچاك‌و کەسانی بە ئەزموون‌و شارەزا بوون، لە خەسڵەتە باشەکانیان ئەوە بوو، کە دەبوایە وەرزشکاربێ‌و خاوەن باهۆیەکی پتەو لەشێکی جیری‌و قایم بێت‌و لە دەستەو یەخەی دوژمندا لێزان‌و خاوەن هونەر بێت، زۆرانبازو تیرئەندازو نیشانشکێن بێت[5]، ئەرکە سەرەکیەکانی ئەم پۆلە بریتی بووە لە کوشتاری دوژمن‌و شوێن پێ هەڵگرتن‌و سوسەی پێش لەشکر، ئەوە سەرباری هێرش بردن‌و ڕاونان‌و ڕێگا لێبڕینی دوژمن‌و ڕێگە گرتن لە گەڕانەوە سەر خاروبارو ئازوقەو ئەنجامدانی چالاکی خێرا، ئەمانەش گوڕوتینی خێراو سوارەی چاپوکی دەویست[6]، هێزی سوارە پێکهاتەیەکی گرنگی هێزی میرنشینەکانیش بووە، لە زۆربەی شەڕو چالاکیە سەربازیەکانیاندا پشتیان بەو هێزانە بەستووە،

---

[1] محسین محمد حسێن، سوپای ئەیوبیان، ل١٧٠.

[2] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٣٧١.

[3] ابن الجوزي، المنتظم، ج٧، ص٢٧٢؛ سبط ابن الجوزي، مراة الزمان، ص٢٩٧.

[4] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٧٧٧.

[5] محسین محمد حسێن، سوپای ئەیوبیان لەسەردەمی سەلاحەددیندا ( پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی هێزی دەریایی‌و شەڕو جەنگەکانی)، وەرگێڕانی عوسمان علی قادر، چاپی دووە، هەولێر،ل ١٦٩.

[6] شوقي ابوخلیل، الحضارة العربیة الاسلامیة، ص ٣٦٧؛ محسین محمد حسێن، سوپای ئەیوبیان، ل ١٦٨.

بۆ نموونە ئەو هێزەی کە میر حەسەنوەیهی بۆ یارمەتی عزالدولە بختیاری نارد لە هەزار سوارە پێکهاتبوو[1]، بەشێکی هێزی هەمان میر کە بۆ پەلاماردانی (سهلان بن مسافر) بەکاری هێنا هێزی سوارە بوون[2]، ئەو هێرشەش کە (قراتکین الجهشیاری) ساڵی ( ٣٧٧ك/ ٩٨٧ز) کردیە سەر میر بدر، بە پێی وتەی (ابن الاثیر) بەشی هەرە زۆری سوپاکەی سوارە بوون، کە لە ئەسپەکانیان دابەزین بۆ تالآن کۆکردنەوە لەو کاتەدا بدرو سوپاکەی بەسەریاندادان[3].

لە مێژووی میرنشینی مەڕوانیشدا دەیان دەقی وابەرچاو دەکەون، کە بوونی ئەو هێزە دەسەلێنن،میر باد هەر لەسەرەتایی هەوڵەکانی بۆ فراوانکردنی دەسەلآتیو جیهادو تێکۆشانی لەڕێی(خوا) پشتی زۆر بەهێزی سوارە بەستووە، تەنانەت لەکاتی جەنگدا باد ویستی لەسەر پشتی ئەسپێکەوە بۆ یەکێکی تر باز بدات، بەلآم کەوتە خوارەوەو پێکرا[4]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی هێزی سوارە لە سوپاکەیدا، هەر ئەوێ رۆژێ ابو علی حسنی خوشکەزای میر باد بەخۆ بە پێنج سەد سوارەوە خۆی گەیاندە چیاکانو پاشان گازی جەنگاوەرانی کردو خۆی کۆکردەوەو پالاماری حەمدانیەکانیدا[5]، دیارە هەر لەبەر زۆری ئەم هێزانەو ئەسپ سواران بووە، بەمەبەستی پاراستنی دابونەریتو خاوێنی بازاڕ، قەدەغەبوو کە جەنگاوەران بە ئەسپەکانیانەوە بچنە ناو بازاڕی شاری میافارقینەوە[6]، میر ابو علی حسنی کوڕی مەڕوانیش لە ساڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ز) لەسەر پشتی ئەسپو لە لایەن سوارەیەکیشەوە پەلاماری دراو کوژراوە[7]، لەسەردەمی نصرالدولەشدا دەقی زۆر بەرچاو دەکەون، کە بەشێکی زۆری لەشکرەکەی سوارە بوون[8]، بەراستیش بڕینی ئەو ماوە زۆرەی نێوان شارەکان لەکاتی هێرشو لەشکرکێشیەکان لە لایەك، هەڵگرتنی تفاقو ئازوقەو خێوەتو بارگەو پێوستیەکانی شەڕ لە لایەکی ترەوە، کارێك بوو بە هێزی پیادە نەدەکرا، هەر پێویستی بە ئاژەڵی بارەبەر بەتایبەتیش ئەسپو ئێسترو ماین هەبووە، ئەوەتا (الروذراوري) کاتێك باسی شەڕی نێوان بادو بوەیهیەکان دەکات لە موسڵ، لەوەسفی ئەسپەکانی لەشکری کوردا دەڵێ: (( ئەسپی کوردەکان سستنو چەكو تفاقیان گرانە، کە چی ئەسپی هۆزە عەرەبەکانی بە تیژڕەو لەشسوك ناوبردووە))[9]، هەموو ئەمانەش بوونی هێزی سوارە دەکەنە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر.

بۆ ئەم مەبەستەش میرەکان بایەخی زۆریان بە پەروەردەکردنی ئەسپو ئێسترو گوێدرێژ داوە[10]، بە تایبەتیش ئەسپ کە بۆ مەبەستی شەڕو جەنگ بەکاردەهات، چەند دەقێکیش لەبەردەستن بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستیە، ئەوەتا لە کۆی ئەو ماڵەی کە وەك بەرتیل میر حەسەنوەیهی بە بوەیهیەکانی دا ژمارەیەکی زۆر ئەسپو ئێستری

---

[1] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٣٤٥.

[2] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٣٧٢؛ ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٢٩٢.

[3] الكامل، ج٧، ص ٤١٨.

[4] الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص١٠٩؛ فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل٢٠.

[5] الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص١٠٩؛ زرار صديق، کوردو کوردستان لەسەردەمی خیلافەتی ئیسلامیدا، ل٢٠١.

[6] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل٢٦.

[7] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص ٤٣٦، فرست مرعى، الامارات الوردية، ص٢٦٦.

[8] بۆ نموونە بڕوانە: فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل٤٦، ل٨٢.

[9] ذيل تجارب الامم، ج٦، ص٨٨.

[10] وەنەبێت تەنها میرەکانی حەسەنوەیهیو مەڕوانی بایەخیان پێدابن، بەڵکو مێرنشینەکانی تریش بەهەمان شێوە، هەر بۆ نموونە ابن الاثير دەربارەی میر سرخاب کوڕی بدری عنازی( مردوو لە ٥٠٠ك/ ١١١٠ز) دەڵێ ئەوەندەی ئەسپ هەبوون لە ژماردن نەهاتوون. الكامل، ج٨، ص٥٤٧.

تێدا بوو[١]( ابن الجوزي)یش ئاماژەی بەوە کردووە، کە میر بدر هەزارو حەوسەد ئەسپی لە ڕێی (خوا)دا بە خشیووە[٢]، هەندێ ناوچەی ژێردەسەڵاتی مەڕوانیش بە تایبەت بە خێوکردنی ئەسپو ئێستر ناوبانگیان دەرکردووە، لەوانەش ئەسپەکانی شاری جزیرە لە باشترینی جۆرەکان بوون، کە بە (کەحێل) ناسراون[٣]،ئەو سیفەتانەش کە ئەم ئاژەڵە پێیان ناسراوە لە تیژڕەوی و ئازاو بەهەڵمەتی لە ڕۆیشتنداو سەرباری جوانی لەش و لاری، وایکردووە بازاڕو سەداو مامەڵەیان پێوە گەرم بێت، شاری واش هەبووە کە بازاری تایبەتی بۆ بازرگانی کردن بەم ئاژەڵانە هەبووە، لە نموونەی شاری میافارقین، کە بە (سوق الخیل) ناسراوە[٤]، هەرلەبەر ئەو گرنگیە بووە، کە بایەخی زۆریان بە پاراستنیو خزمەتکردنی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش بازاری تایبەت بە دروستی ئاژەڵی (بیطریة) هەبووە[٥]

**چەكو كەلوپەلی جەنگی:** هەرچەندە بەشێکی زۆر لە سەربازیەکان پێیان وایە شەڕ هونەرە[٦]، بەڵام مادام شەڕ ململانێی چەکدارانە بێت لە نێوان هێزەکاندا، ئەوا چەكو ئامرازەکانی تر بنچینەیەکی گرنگی جەنگن، کە ڕێژەی بەهرەمەندبوون لێیانو ڕادەی چلۆنیو کارایی و پێشکەتووی ئاستی شارەزایی بەکارهێنانو سود لێ بینینیان لە کاتو شوێنی گونجاودا، کاریگەری زۆریان لەسەر ئایندەی شەڕ هەیە[٧]، بەگشتی ئەو چەكو ئامرازە جەنگیانەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هێزەکان بەکاریان هێناون، لەڕوی چلۆنایەتیەوە تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوە بوون، چونکە لەیەکتریان وەرگرتووەو فێربوون، ئەو وێکچونەش سوپای میرنشینەکوردیەکانیش دەگرێتەوە، کە بەپێی جۆری هێزو شوێنی شەڕ دابەشکرا بوون.

هەرچی هێزی سوارە بوو، ئەوا چەكو ئامرازی شەڕیان بریتیی بوو لە شمشێرو ڕمو دەست بەندی ئاسنینیان لەمەچەك دەکرد، زرێی ئەلقەئەلقەیان لەسەرەوە لەبەردەکردو کڵاوی ئاسنیان لەسەر دەناو بۆ خۆپاراستنیش لە شیرو تیری دوژمن قەڵغانیان بەدەستەوە بوو، ئەسپەکانیشیان زینی ئاسنینو چەرمیان لێدەکردن تا شمشێر نەیپێکێ و پارێزراوبن[٨]، بەتایبەت شمشێر هەمیشە وەك چەکێکی کاریگەر ڕۆڵی یەکلای کەرەوەی لە شەڕەکاندا بینیوە[٩]، لەکاتی شەڕدا سوارەکان لەپشتی پیادەکانەوە دەوەستانو چاوەڕوانی هەڵمەت بوون، کاتێك شەڕ دەستی پێکردووە پیادەکان کەلێنیان بۆ دەکردنەوەو هەڵمەتیان دەبردوو تێکەڵاوی شەڕ دەبوون[١٠].

---

[١] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٣٧٤؛ امين زكي، تاريخ الدول والامارات الكوردية، ص٩٠.

[٢] المنتظم، ج٧، ص٢٧٢.

[٣] المقديسي، احسن التقاسيم فى معرفة الاقاليم، علق عليه محمد امين الضناوى، دارالكتب العلمية، (بيروت:٢٠٠٣م)، ص ١٣١، ص١٢٤؛ حکیم ئەحمەد مام بکر، کوردو وڵاتەکەیان، ل ٢٩١.

[٤] عبدالرقيب يوسف، الامارة الدوستكية، ج٢، ص ١٩٣، ص ٢٥١.

[٥] فرهاد حاجي عبوش، المدينة الكوردية، ص١٩٠.

[٦] بڕوانە : سون تزو، هونەری جەنگ.

[٧] محمد امين على، شەڕی گۆگامیلا، ل ٢١٦.

[٨] شوقى ابو خليل، الحضارة العربية الاسلامية، ص ٣٦١.

[٩] بەکارهێنانی شمشێر مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، لە پێش ئیسلامیشدا بەکارهاتووە، لە قرئانیشدا چەند جار ناوی هاتووە، دەیان ناوی لێنراوە کە ئاماچەن بۆ سیفەتەکانی. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بڕوانە: عبدالرحمن زكي، السيف في الاسلام، دار الكتاب العربي، القاهرة، ١٩٥٧.

[١٠] محسین محمد حسێن، سوپای ئەیوبیان، ل١٦٩.

هەرچی پیادەکانیش بوون، ئەوا چەکی سوکیان پێ بوو، وەك تیروکەوانو شمشێرو ڕمی کورتو قەڵغانو چەقۆو کێردو کڵاوی ئاسنیشیان لەسەر دەنا[1]، بەتایبەت بەشێك لە هێزی پیادە تیروکەوانیان بەکار دەهێنا، کە بە دەستەی تیرهاوێژان ناسرابوون، کە زۆر جار لە جەنگدا دوژمنیان سەر کوێر دەکرد یان لە تەنگەبەرو ڕێگاکاندا ڕێیان لەدوژمن دەبڕی[2]، لەو هێرشەی کرایە سەر شاری میافارقین ساڵی (٤٧٨ك/ ١٠٨٨ز) سوپای سەلجوقی دەستەیەکی زۆری تیرهاوێژی لەگەڵدابوون، بە جۆرێك کە پارێزەرانی سەر قەڵایان شپرەزەو سەرکوێرکردبوون[3]، ئامێری ئابلۆقەدانیش بریتی بووە لە (مەنجەنیق)، هەرچەندە دەقێك بەرچاونەکەوتووە، لەسەر بەکارهێنانی لە لایەن هێزی میرنشینەکانەوە، بەڵام بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو لەشکرەی کە معزالدولە ساڵی (٣٤٣ك/ ٩٥٤ز) بەسەرکردایەتی (سبکتکین حاجب) ناردیە سەر شارەزوو، بە مەنجەنیق بۆ ماوەی پێنج مانگ ئابلۆقەیدا، بەڵام لەبەر ئازایەتیو خۆڕاگری کوردەکانو سەختی ناوچەکە نەیتوانی داگیری بکات[4]، زۆرجار بۆ ئابلۆقەدانو گرتنی شارو قەڵا کوردیەکان بەکار هاتووە[5]، لەسەردەمی سەلجوقیەکانیشدا ئامێرێکی گرنگی ئاگر هاویشتنو ئابلۆقەدان بووە[6]،بۆیە ئاساییە میرەکانیش ئەم ئامێرەیان هەبوو بێت، چونکە زۆر جاریش ئەوان ئابلۆقەی شارو قەڵاکانیان داوە.

شایەنی باسە کە جەنگاوەران جگە لە چەك هەندێ ئامرازیان پێویست بوو، کە لە تورەکەیەکی لەچەرم دروستکراودا کە بە (الصولق) ناسرابوو هەڵیاندەگرت، وەك دەزوو خێتو سوژنو چەقۆو چەکوش[7]، کە لە کاتی پێکانو دڕانی جلوبەرگو پێویستی بەکاریان دەهێنان، چونکە لە شەڕە درێژخایەنو ناوچەدوورەکان بۆ ماوەیەکی زۆر بەناو جەنگەڵودارستانو ناوچە شاخاویەکاندا ڕێگەیان دەبڕیو نەدەگەڕانەوە ماڵەوە، پێدەچێت هەندێ جار دەرمانو کەلو پەلی چارەسەری برینداریشیان وەك فریاگوزاری هەرلەم تورەکەیەدا هەڵگرتبێت، یان تیمی تایبەت بە چارەسەری بریندارەکانیان لەگەڵ دابووە، هەرچەندە لەم بارەیەوە دەقێك بەرچاو نەکەوتووە.

سەبارەت بە سوپای میرنشینەکانیش دەیان بەڵگە لەبەردەستدان کەڕاستی ئەمانە دەسەلمێنن، کە بەکورتی ئاماژە بەچەند ڕوداوێك دەکەین، بۆ نموونە لەوانە میر بدر هەر لە یەکەم هەنگاوی بەرەو دەسەڵات لە لایەن عضدالدولة (مردوو لە ٣٧٢ك/ ٩٨٢ز) یەوە جلوبەرگی دەسەڵاتو شمشێرێكو پشتێنی زێڕینو ئەسپێکی بە زینی زێری پێبەخشراو سەرکردایەتی میرنشینەکەشی پێسپارد[8]، کوژانی سێ لە میرانی مەڕوانی بەشمشێرو چەقۆ کە ئەوانیش میر (بادو ابوعلی حسنو ممهدالدوله) بەڵگەیە لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە لایەن هێزی پیادەو سوارەی ئەم میرنشینە[9]، تەنانەت میر نصر الدوله خاوەنی شمشێرێك بووە کە لە نایابیو باشیدا بێ وێنە بووە، کە هەروەك فارقی دەڵێ: (( وشتری لەت دەکرد))[10]، کوژرانی میر بدریش لە لایەن هێزی پیادەی خۆی بە

[1] شوقی ابو خليل، الحضارة العربية الاسلامية، ص٣٦١- ص٣٦٧.

[2] ابن الاثير، الكامل، ج٨، ص٥٧-٥٨.

[3] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ١٢١.

[4] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٢١٠.

[5] بۆ نموونە بڕوانە: مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص ٤٣٩.

[6] ابن العبري، تاريخ الزمان ، نقله الى العربية الاب اسحق ارملة ، قدم له جانموريس فييه، دارمشرق، ط٢،(بيروت:١٩٨٦)، ص١٠٩.

[7] سعيد الديوچی، لموصل فی العهد الاتابکی، مطبعة شفيق، (بغداد:١٩٥٨م)، ص٧٢.

[8] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٤٥٣؛ الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص١١.

[9] بڕوانە فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ٢٠، ل٣٣،ل ٤٣.

[10] مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ١٢٤.

حەربە[1]، میر ناصرالدولەی مەڕوانیش لە تاوی لەدەستچوونی خێروبێری وڵاتەکەی داوای لە سوڵتان ملکشاە (مردوو لە ٤٨٥ك/ ١٠٩٦ز)ی سەلجوقی کرد حەربەیەکی لە سنگی بدات لە پشتیەوە دەربچێت[2]، ئەمانەش بەکارهێنانی ئەم چەکانە لەلایەن سوپای میرنشینی حەسنەوەیهی و مەڕوانیەوە دەردەخەن.

سیاسەتی شەڕو شەڕانگێزی کاریگەری زۆری کردە سەر زیادبوونی خواست لەسەر بازرگانی کردن بەچەك‌و ئامرازەکانی تری جەنگیەوە، کە بۆ تەهۆی گەرم‌وگوڕتر بوونی بازاڕی چەك‌و چەکسازی‌و شمشێرسازەکان وەستایانە تر کاریان لەسەر دروستکردنی چەکەکانیان دەکردو گۆڕانیان بەسەر چلۆنایەتی‌و چەندایەتی شمشێرو خەنجەرو تیرو تیروکەوان‌و زرێدا هێناوە[3]، چەند شارو هەرێمێك ناوبانگیان بە دروستکردن‌و بازرگانی کردن بە ئامرازە جەنگیەکانەوە دەرکرد، بۆ نموونە شارێکی وەك موسل لە دروستکردن‌و هەناردەکردنی چەند کەل‌وپەلێك بەناوبانگ بووە، لەوانەش چەقۆو ڕم‌و خەنجەرو ئاسنگەری‌و زنجیر[4]، هەر لەکۆنیشەوە ناوچەکانی حلوان‌و هەمەدان‌و شارەزوور بە پیشەسازی چەك بەناوبانگ بوون[5]، ئەوەی ئاشکراشە ئەو ناوچانە لە ژێرقەڵەمڕەوی دەسەڵاتی میرنشینە کوردیەکاندا بوون، ئەوەش سود وەرگرتنی ئەو میرنشینانە لەبەرهەمەکەیان دەکەنە پێویستیەکی حەتمی، جا چ لەڕێگەی بازرگانیەوە دەستیان کەوتبێت، یان خۆیان سەرپەرشتی بەرهەم هێنان کردبێت‌و بایەخیان بە پێشکەتنی دابێت، لەسەر ئاستی دەرەکیش خواست لەسەر ئەو چەکانە زیادی کرد، کەزۆر بەناوبانگ بوون، بۆ نموونە خواست لەسەر شمشێری هندی زیادی کرد کە بەدروستکردنی ئەمجۆرە چەکە بەناوبانگ بوو[6]، بە تایبەت جۆرێکیان کە بە (القلعیة)[7] ناسرابوو،کە بەهۆی ڕەونەقداری‌و بڕەری ناوناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو[8].

هەرچی شێوازەکانی شەڕیشە لەسەردەمی عەبباسیەکاندا پێشکەوتنی دیاری بەخۆوە بینیوە، بەهۆی زۆری شەڕەکان‌و زیادبوونی ژمارەی جەنگاوەران‌و پێشکەتنی جۆری چەك‌و شێوازە جیاوازەکانی جەنگ[9]، ئەگەرچی لەسەرچاوەکاندا زانیاری لەم بارەیەوە کەمە، بەڵام بەگوێرەی توانا سود لە کتێبگەلی شەڕو جەنگ وەرگیراوە، کە لەشکرگەلی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیڕەویان لێکردووە، یەکێکیش لەو شێوازە باوەی کە هێزەکان لەسەری ڕاهاتبوون، بریتیبووە لە سیستەمی پێنج هێزەکی (الکرادیس)، ئەویش لە ژمارەی ئەو بەشانەوە هاتووە، کە سوپای بەسەر دا دابەشدەکرا، کە بریتیبوون لە ڕاست‌و چەپ‌و دڵ (بەرسنگی سوپا)و پێشەکی‌و پاشکۆی لەشکر[10]، ئەو شێوازە سەربازیەش بە ئەندامە سەرەکیەکانی لەشی مرۆڤ چوێنراوە، بە جۆرێك کە قەدو

---

[1] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٥٩٦.

[2] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل١٢٢.

[3] مرتضی راوندی، تاریخ اجتماعی ایران، مؤسسە انتشارات نگاه،چاپ نوبهار، چاپ چهارم، (تهران:١٣٨٣ش)، ج٤، ص٧٧٢؛ محمد حسین الزبیدی، العراق فی العصر البویهی التنظیمات السیاسیةو الاداریةو الاقتصادیة (٣٣٤-٤٤٧ھ/٩٤٥-١٠٥٨م)،دارالنهضة العربیة، (١٩٦٩)، ص١٤٨.

[4] فرهاد حاجي عبوش، المدینة الکوردیة، ص١٩٧.

[5] حکیم احمد مام بکر، کوردو وڵاتەکەیان، ل٢٨٨.

[6] الثعالبي، ثمارالقلوب في المضاف والمنسوب، تحقیق محمد ابو فضل ابراهیم، دارالنهضة المصریة، (القاهرة:١٩٦٥)،ص ٥٣٣.

[7] القلعیة: شارێکی هندی بووە لە سنوری چین، شمشێرەکەش هەر بەناوی ئەو شارە ناسرابوو، یاقوتي الحموي، معجم البلدان، ج٤، ص٣٨٩.

[8] یاقوتي الحموي، معجم البلدان، ج٤، ص٣٨٩.

[9] بسام العسلي، فن الحرب الاسلامي، مجلد٣، ص٤٦٢.

[10] مسکویه، تجارب الامم، ج٥، ص٢٣٥؛ شوقي ابو خلیل، الحضارة العربیة الاسلامیة، ص ٣٦٦.

قالبی ناوەڕاست بە بەرسنگی لەشکرو سەری پێشەنگو هەردوو قۆڵو باڵی ڕاستو چەپی لەشکرو پێیەکانیشی بە پاشکۆی لەشکر دانراون، بە جۆرێکی تریش لێکدراوەتەوە، ئەگەر سوپا بەمرۆڤ بچوێنی ئەوا چەکدارە سوکەکان لە جێی دەستنو سوارەش لە جێی پێیەکانەو ریزی تەیارکراویش بەچەکی قورس (پیادەی قورس)بەرسنگی لەشکرو سەرکردەش وەك سەر وابووە[1]، گرفتیش لە هەریەك لەوانە روبدات بەهۆی خراپی یان هەست نەکردن بەئەرکی سەرشانیانو فەراموشکردنی، ڕەنگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا ئاراستەی شەڕ بەدژی خۆیو بەرژەوەندی دوژمنەکەی بکەوێتەوە[2]، ئەمانەش دەچنە چوار چێوەی شەڕی بەربلاو، کە هەموو ئەو شەڕانە دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی قەڵاو شوراکاندا ڕوویانداوە، لەمجۆرە شەڕانەدا جەنگاوەرانی هەردوو لایەنی شەڕکەر ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوەو دەستەو یەخەو ئامبازی یەکتر دەبوون، دەبوایە جەنگاوەران ئازاو بەجەرگ بونایە تا لەڕووی دوژمندا بتوانن بوەستنو خۆڕاگربن، چونکە ڕاکردن لە جەنگی بەربڵاودا یان کوژرانو بەدیل گیرانی فەرماندەکانو سەرکردەی شەڕ دەبێتە شکانو هەڵاتنی هەموو لەشکرەکە، ئەمجۆرە شەڕە کورت خایەنەو ئەنجامەکەشی لەسەر چەند بنەمایەك بەندبووە، لە خۆڕاگریو ورە بەرزیو جۆری چەك، کە بەزوی کاریگەریو ئەنجامەگەشی بینراوە[3].

بەسەرنجدان لە واقیعی بەشێك لەو شەڕانەی کە لەنێوان میرنشینەکانو نەیارانیان ڕوویانداوە، ئەو ڕاستیە بەرجەستە دەبێت، کە پشتیان لەو شێوازە لەشەڕ بەستووە، بۆ نموونە شێوازی شەڕو کوژرانی میر باد ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە خۆی لەشکرەکەی سەروبەر نابێتو بەسەر بەشو ریزەکانی سوپاکەیدا هاتبێتو چوبێتو سەرپەرشتی ڕەوشی شەڕەکەی کردبێت، ڕۆڵی لە جێگەی پێشەنگی لەشکرو سەرکردە گێڕاوە، بۆیە بەو توانا جەستەیەی کە هەیبوو لە پشتی ئەسپێکەوەبۆ یەکێکی تر بازیداو کاتێکیش پێکرا سوپاکەی شکا[4]، ئەو جۆرە نموونانە لە مێژووی میرنشینی حەسنەوەیهیدا بەرچاو دەکەون، وەك کوژرانی میر بدرو بە جێهێشتنی مەیدانی شەڕ لە لایەن سوپاکەیەوە[5]، بەدیل گیرانی هیلالیش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ شکستی لەشکرەکەی بەرامبەر ( شمس الدولە)ی بویهی و سوپا تێکشکاوەکەشی بە بارێکی زۆر خراپەوە بۆ بەغدا گەڕایەوە[6].

شەڕی مەیدانی بەتەنها شێوازی شەڕی میرەکان نەبووە[7]، بەڵکو هەلومەرجو بارودۆخەکە زۆر جار شێوازی شەڕی دیاریکردووە، میریش بە پێی لێهاتووی خۆیو هەندێ جاریش بە ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزیرو کاربەدەستانی بە زیاتر لە شێوازێك شەڕیان ڕاگەیانووەو مەیدانخوازی دوژمنانیان کردووە، یەکێکی تر لەو شێوازانەی کە زۆر جار پەنایان بۆ بردووە، بریتیی بووە لە ئابلۆقەدان (گەمارۆدان)، کە خۆی لە گەمارۆی قەڵاو شارەکاندا بینیوەتەوە، کە دانیشتوان لە جوڵە دەخاو سوپاکەیان لە جێی خۆ دەچەقێنیّو زۆری پێناچێت بێزار دەبنو بەناچاری مل بۆ داخوازی سوپای گەمارۆدەر شۆردەکەن، وەك گەمارۆدانی شاری نەهاوەند لە لایەن میر

[1] بڕوانە: محسین محمد حسێن، سوپای ئەیوبیان، ل١٥٧؛ محمد امین علی، شەڕی گۆکامێلا، ل ٢١١-٢١٢.

[2] محمد امین علی، شەڕی گۆکامێلا، ل ٢١١-٢١٢.

[3] محسین محمد حسێن، سوپای ئەیوبیان، ل ٤٤٣.

[4] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل٢٠.

[5] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٥٩٦؛ قادر محمد حسن، الامارات الوردية، ص٤٦.

[6] ابن الجوزي، المنتظم، ج٧، ص٢٠٧؛ ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٥٩٧؛ بەدلیسی، شەرەفنامە، ل٣٧.

[7] بۆ درێژنەبوونەوەی بابەتەکە لەوە زیاتر تەنها بەنموونە چەند دیمەنێك بەکورتی ئاماژەیان بۆکراوە، بۆ زانیاری لەسەر شەڕەکانیان بگەڕێوە: نەقشبەندی، شاروزوورو لورستانی باکور؛ نیشتمان بەشیر، کوردو سەلجوقیەکان؛ قادر محمد حسن، الامارات الکوردیە.

حەسەنوەیهی[1]، لە کاتی ئەگەری درێژەکێشانی گەمارۆشدا شار بە پاشماوەی ئەسپانو سەربازان پیس دەبێتو برسیەتیو نەخۆشی بڵاودەبێتەوە، هێزی گەمارۆدراو ناچار بە هەڵاتنو خۆ بەدەستەوەدان دەکات، ئەمەش نەریتێکی باوی هێزەکان بووە، هەڵکەوتەی جوگرافیو بوونی سەدان قەڵاو شورە لە زۆربەی شارەکانی هەرێمە کوردیەکان، هەربۆ نموونە (ابن شداد) تەنها لە هەرێمی دیاربکر زیاتر لە پەنجا قەڵاو پێگەی ژماردووە[2]،لەگەڵ شارە شێوە قەڵاکان، هەروەك ئاشکراشە زۆربەی شارەکانی کوردستان لەشوێنێکی جوگرافی سەخت و دژواردا هەڵکەوتوون، یان قەڵایان هەبووە، ڕەنگە ئەم تیۆرەش سەبارەت بەم شارانە ڕاست بێت کەدەڵێ:((شار بۆ کاروباری جەنگی درووست کراوە))[3]، بایەخدانی زۆربەی میرو سەرۆك خێڵەکانی کوردیش بەدرووستکردنی ئامرازە پارێزگاریە جەنگیەکان بۆ خۆپاراستن لە مەترسیە ناوخۆو دەرەکیەکان هەر لەو چوارچێوەیەدا بووە[4]، کە تاکو ئەمڕۆش شوێنەواری زۆربەی هەموو ئەوانە لەشارو شارۆچکەکان و لوتکەو چیاکانی کوردستان هەر ماوە، هەموو ئەمانەش هەلی ئەم جۆرە شەڕە دەروونیەی زیاتر بۆ هێزەکان ڕەخساندووە، کە هەندێ جار هێزی گەمارۆدەر سەرکەوتوو بووەو توانیویەتی گەمارۆدراو چۆك پێدابدات، مل کەچی ئیرادەی سەربازی خۆی بکات، هەندێ جاریش شارە شورە بەرزو قەڵا سەختەکان بونەتە پەناگەیەکی بەهێز بە ڕووی دوژمناندا.

بەڵام سەختی قەڵاو بەرزی شورەی شاریش بەتەنها بەس نین، ئەگەر یەدەگی چەكو ئازوقەو خۆراکی پێویستیان نەبێت، هەربۆیە (الهروي) ڕێنمایی سەرکردەی گەمارۆدەری کردووە، هەروەك وتوویەتی:(( پێویستە سیخوری هەبێت ، کە لەرێیەوە بارودۆخی شارە گەمارۆدراوەکە بزانێ، کە ئازوقەو خۆراكو چەکیان چەندە، ئەوە بزانێت کە دانیشتوانی شارەکە ئەوەیان بەبەرەوە نییە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگەی گەمارۆ بگرنو بەرگری بکەن، ئەو کات ئەو هەلە لە دەست نەداتو ڕوو لە شارەکە بکاتو ئۆردوی خۆی تێدا هەڵبدات، لە ناکاویش هەڵمەت بەرێو بێزار نەبێ، چونکە ئەگەر بێزار بێ پێی دەشکێو ساردەبێتەوەو هێزی لەکزی دەدات، گەورە پیاوانی ناو قەڵاش بۆ لای خۆی ڕاکێشێو بەڵێنی ئەمانیش بە دانیشتوان بداتو بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات))[5]، ئەمەش بەهەردوو باری ئەرێنیو نەرێنی لە سیاسەتی سەربازی هەندێ لە میرەکان بەدی دەکرێت، میرێکی وەك باد لە گەمارۆدانی سەر شاری میافارقین سەرکەوتوو بوو، کە پەیامێکی بۆ خەڵکی شارەکە ناردوو ئارامی کردنەوەو بەڵێنی پێدان کە بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەوانیش ڕەزامەندیان بۆ بەدەستەوەدانی شار بۆ دەربڕی، ئەوەبوو توانی ساڵی (٣٧٤ك/ ٩٨٤ز) دەستی بەسەردا بگرێت[6]، پێچەوانەی ئەمڕوداوەش میر بدر نەیتوانی لە گەمارۆدانی ( حسێنی کوڕی مسعودی کوردی) سەرکەوتوو بێت، گەمارۆکە درێژەی کێشاو وەرزی زستان بەسەر داهات، میری ناوبراویش گوێی بەئامۆژگاری سەرکردەکانی نەدا بە کۆتای هێنان بە ئابلۆقەکە بۆ وەرزی هاوین، بۆیە خۆیو سوپاکەشی بەهیلاك چوونو دواجار بەشێك لە سوپاکەی لێی هەڵگەڕانەوەو کوشتیان[7]، ئەمەش لێکنەدانەوەی بارودۆخەکە بووە بەباشی، گەمارۆدانی لەمجۆرەش لەپێودانگی

---

[1] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٢٩٢.

[2] الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، ج٣، ق١، تحقيق يحيى عبادة، (دمشق:١٩٧٨)، ج٣، ق١ ص٢٤٦-٢٥٢.

[3] فرهاد حاجي عبوش، المدينة الكردية، ص٤٦.

[4] بڕوانە:نەقشبەندی، شارەزور، ل٤٥٤؛ عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية، ج٢، ص٣٢٦.

[5] التزكيرة الهرورية، ص ١٢؛ لە محسن محمد، سوپای ئەییوبیان، ل ٤١٢ وەرگیراوە.

[6] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل١٥؛ فرست مرعي، الامارات الكوردية، ص٢٤٦.

[7] ابن الجوزي، المنتظم، ج٧، ص٢٧٢؛ بەدلیسی، شەرەفنامە، ل٣٦.

سەربازیەوە بە نسبەت سوپای گەمارۆدەر کارێکی سەختو گرانەو جەنگێکی درێژخایەن بە دوای خۆیدا دێنێ، کە سەرئەنجام لەبری سەرکەوتن‌و دەستکەوتی باش، شکست‌و دۆڕانی بەدوادا دێت، هەروەك میر بدر.

مادام هێزە شەڕکەرەکان کار لەسەر تێکشکاندنی ئیرادەی یەکتری بکەن، بەمەبەستی زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا، گرنگیش ئەوەیە کە بەکەمترین زیان بتوانێت ئامانجە سەربازیەکەی بەدی بهێنێت، ئەوە جەنگی دەروونی (الحرب النفسیة) شێوازێکی کاریگەرە کە لە جەنگدا پەیڕەوی لێدەکرێت، کە مەبەست لێی ڕوخاندنی ورەی دوژمنە بە هەرشێوەیەك بێت، بە مەبەستی لەناوبردنی هەر باوەڕ بەخۆبونێك، کە ببێتە مایەی بەرهەڵستی‌و خۆبەدەستەوە نەدانی[1]، کاریگەری گەورەش دەکاتەسەر لاوازکردنی توانای بەرگری دوژمن، بەرزکردنەوەی ورەی سەربازانی ئەو هێزە پەنای بۆدەبات، ئەم شێوازە شەڕەش لەوانەیە کە زۆر جار میرەکان پەنایان بۆ بردووە، بۆنموونە دوای ئەو پەلامارە بەرفراوانەی کە رۆمەکان لە ساڵی (٣٨٣ك/٩٩٢ز) کردیانە سەر چەند شارێکی هەرێمی جزیرە، ترس‌و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لەنێو دانیشتواندا بڵاوکردەوە، میر ابو علی حسنی مەڕوانی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوە ئامادەکرد، لە پاڵیشیدا پەنای بردە بەر جەنگێکی دەروونی، بەوەی کە ڕایگەیاند(( بەیانی هەموو سوپای ئیسلام دەگات))[2]، بەمەش جەنگی ڕاگەیاندنی دەروونی بەرامبەر رۆمەکان بەرپاکرد، کەئامانج لێی روخاندنی ورەی دوژمنە لەڕێگەی ئەو پروپاگەندەی کە دەکرێت، بە مەبەستی کارکردنە سەر ڕەفتاریان‌و دارماندنی پلان‌و ئامانجەکانیان‌و بە هێزکردنی بەرەی ناخۆ[3]، لەم جەنگەشدا میری ناوبراو سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناو بۆ ماوەی دە ساڵ ناچا بە پەیمان بەستنی کردن، خۆ بەگەورەو بەهێزی پیشاندانی میر بدریش لە بەرامبەر نوێنەری ( محمود بن سبکتکین) ئەو میرەی لە ئەگەری جەنگێکی درێژخایەنی مەیدانی پاراست، بەوەی کە هەژموونی دەسەڵاتی خۆی بە نمایشکردنی سوپاکەی پیشاندا، کە ترس‌و دڵەڕاکێی زۆری خستە دڵی نوێنەرەکەو کاتێکیش گەڕایەوە، ئەوەی ڕاگەیاند کە خۆی لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو میرە کوردە نەدات[4]، ، محمود بن سبکتکینیش خواستی خۆی بۆ ئاشتی پیشاندا، بەمجۆرە میر بدر توانی کۆنترۆڵی هێزی نەیارەکەی بکات، گرنگترین ڕووداویش لە جەنگدا روخاندنی ورەی دوژمنە بێ شەڕکردن‌و کۆنترۆڵکردنیەتی، هەر لەم جۆرە نمایش‌و جەنگانە هەڵوێستی وا لەو میرە بەدی دەکرێن، کە نیشانەی بە خۆنازین‌و شارەزایی دەردەخەن، ئەوەتا لە هەڵوێستێکی تری لەمجۆرە ئەو کاتەی پەیوەندی لەگەڵ (الخطیرابوعلي) وەزیری بوەیهی تێکدەچێت‌و ناوبراو خەریکی ئاژاوەو پەلاماردانیەتی[5]، میر بدر بەناردنی شمشێرێکی ڕووت بە غولامەکەیدا بۆ ابو علی هەرەشەی کوشتنی لێدەکات، بە غولامەکەی دەڵێت لەبەردەمی دابنێ بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەی‌و چاوەڕێی وڵام بکە، ابو علیش خامەکەی بە مرەکەبەکەیدا دەکات‌و بە غولامەکدا بۆ میر بدری دەنێرێتەوە بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات[6]، هەرچەندە میر بدر لەم هەڵوێستە سەربازیەی قازانجی نەکرد،چونکە وەزیر هەرەشەی هاندانی میرەکانی دەوروبەری بەناردنی نامە لە دژی بدر

---

[1] ئاراس فەریق زەینەڵ، دەنگی دەروونی لەسەردەمی صلاح الدینی ئەیوبییدا(٥٦٧-٥٨٩ك/١١٧١-١١٩٣ز)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەروونییە، سلێمانی:٢٠٠٨، ل ٣٩.

[2] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل ٢٣؛ ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٤٥٥.

[3] ئاراس فەریق زەینەڵ، دەنگی دەروونی لەسەردەمی صلاح الدینی ئەیوبییدا، ل ١٣٤.

[4] الروذراوري، ذیل تجارب الامم، ج٦، ص ١٧٥.

[5] هلال الصابي،تاریخ الصابي،ج٨ ، ملحق بکتاب ( تجاربالامم)، دارالکتب العلمیة، (بیروت:٢٠٠٢)، ج٨، ص٦٨.

[6] فرست مرعي، الامارات الکوردیة، ص ١٧٢-١٧٣.

کردووە[1]، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو، باشترین بەڵگە هەڵگەڕانەوەی هلالی کوڕیو میر حسێنی کوڕی مسعودی کوردی بوو.

ئاگرتێبەردانو سوتاندنی ڕەزو باخو پڕکردنەوەی بیرو وشککردنی سەرچاوەی ئاو لە سوپای دوژمن، شێوازێکی تری جەنگی دەروونی بووە، کە هەندێ جار میرە کوردەکان وەك تەکتیکی جەنگی کورت خایەنی مەیدانی لە بەرەکانی جەنگدا بەرامبەر ڕێکخستنەکانی دوژمن بە تایبەت بە ناوچەیەك یان بەرەیەکی دیاریکراو ئەنجامیان داوە، مەبەستیش لێی لاوازکردنی ورەی کەرتەکانی ئەو بەرەیەیە و خۆبەدەستەوە دانیەتی، هەندێ کاتیش دژی ئەو مەدەنیانە بەرپا دەکرێت، کە دەکەونە ناوچەی چالاکیە سەربازیەکان، بۆ دروستکردنی گومان لە نێوان سەرکردەکانو سەربازانو دانیشتوان[2]، لە ژێر رۆشنایی ئەمەوە، دەکرێت ئەو جەنگەی کە میر حەسەنوەیهی بەرامبەر بە (سهلانی کوردی) بەرپای کردو ناچار بە خۆبەدەستەوەدانی کرد، بە جەنگێکی گرنگی لەمجۆرە دابنرێت[3]، هەرلەم چوارچێوەیەداو لە ڕوداوێکی تردا ساڵی (٣٩٧ك/ ١٠٠٦ز) کاتێك لەشکری میرنشینی حەسەنوەیهی پەلاماری موڵکەکانی (رافع بن محمد بن مقن العقيلی)یان لە رۆژهەڵاتی دیجلەدا، دوای پەنادانی ابو الفتح عەنازی، دەستیان کرد بەتاڵانکردنی چەند ناوچەیەکی لە ژێردەسەڵاتی رافعو سوتاندنی دانەوێڵەو پڕکردنەوەی بیرەکان، ئەوەبوو دەست بەرداری پەنادانی ابو الفتح بوو[4]، هەرچەندە ئەو کارانەی کە دژی بەرژەوەندی دانیشتوانو ژینگە ئەنجام دەدرێن، بەکاری قەدەغەکراو ناپەسند دانراون[5]، بەڵام هێزەکان بۆ مل پێکەچکردنی یەکتری پەنایان بۆ بردوون.

بەشێکیش لە هونەرەکانی جەنگ پەیوەندی بە کارامەیی و لێهاتووی میرو سەرکردەوە هەیە، لە شەڕی مەیدانیشدا کارامەیان دەردەکەوێت، ئەویش بەوەی کە دوژمن رابکێشێتە ئەو شەڕگەیەی کە خۆی هەڵیبژاردووەو ئەو شێوازەی کە خۆی دەیەوێت، نەك دوژمنەکەی شەڕگەو شێواز بۆ هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی ئەو مەبەستەش بێتەدی پێویستە کارێك بکات کە هەڵیفریوێنێ بێتە ئەو شەڕگەیەی کە هەڵیبژاردووە، ئەمەش پێویستی بەوە دەبێت کە پێخۆری بۆ دابنێو هەندێ شتی تایبەتمەندی وابرەخسێنێ کە وابزانێ بۆی باشە[6]، ئەمەش کاریگەری هۆکاری جوگرافی بۆسەر ئەنجامی شەڕ دەردەخات، ئەوەی جێگای ئاماژەشە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە کورد خۆی لەگەڵ سروشتی چیایی کوردستان ڕاهاتووە، ئەم سیفەتەشی شارەزاییو ئازایەتی زۆری پێداوە، کە لەشەڕی لوتکە چیاو نێو شاخەکاندا دوژمن شکێنێکی بەهێز بێت، هەر بۆیەشە بە درێژایی مێژوو زنجیرە چیاکانی کوردستان بونەتە پارێزەرێکی گرنگی کورد، ئەمەش وایکردووە هەمیشە لەو کەژو کێوانەدا بەئازادی بژی[7]، بەبەراورد بەشەڕی پێدەشتەکان کە شارەزایی کەمتر بووە، دوژمنانیشی هەستیان بەم خاڵە لاوازەی کردووە، بۆیە زۆرجار ویستوویانە کێشمەندی پێدەشتەکانی بکەن[8]، هەربۆیە زۆر جار میرەکان ویستوویانە لە چیاکان شۆر نەبنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن، چونکە دەیانزانی جەنگاوەرانی کورد

---

[1] هلال الصابي، تاريخ الصابي، ج٨، ص ٦٨.

[2] ئاراس فەریق زەینەڵ، دەنگی دەروونی لەسەردەمی صلاح الدینی ئەیوبییدا، ل ٨٣.

[3] مسكويه، تجارب الامم،ج٥، ص٣٧٢.

[4] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص ٥٤٧.

[5] لەم بارەیەوە بڕوانە: راغب السرجاني، الاخلاق الحرب في السنة النبوية، دار الكتب والوثائق القومية، الطبعة ١، ٢٠١٠م، ص ١٣٧.

[6] سو ن تزو، هونەری جەنگ، ل١٣٣.

[7] بەدلیسی، شەرەفنامە، ل ٢٦-٢٧.

[8] زرار صديق، کوردو کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل١٩٧.

شاخەوانن‌و لە چیاکان گرەوی شەڕ دەبەنەوە، بەڵام لە دەشتەکان دەرەقەتی دوژمن نایەن، گوێ نەدانی ابوالفوارس کوڕی دۆستەك بە ئامۆژگاری میر بادی برای کە لە لوتکەی نصبین شۆڕنەبێتەوە، بەڵام بە قسەی نەکردوو لەئەنجامدا لە بەرامبەر سوپای عەرەبەکاندا کوژرا[1]، بەمەش زیانێکی گەورە بە باد کەوت، بۆیە هەمیشە ئەو میرە کوردە ویستویەتی چیاکان بکاتە پاڵپشتی بە هێزی خۆی‌و دوژمن ڕاکێشێتە ئەو شەڕگە گرنگە تا ئەو شەڕەش کە تیادا کوژرا، دیارە هۆکارێك لەو هۆکارانە پشت لێگرتنی پەڕینەوەی سوپای حەمدانیەکان بوو لە روباری دیجلە، کە بووە هۆی شڵەژان‌و لێکترزانی سوپای کودان، هەرچەندە باد ویستی بەر لەو مەترسیە بگرێت‌و داوای لە جەنگاوەرانی کرد پەنا بۆ چیاکان بەرن، بەڵام خۆی فریا نەکەتوو پێکرا، ابو علی خوشکەزاشی هەر لە چیاکانەوە لەگەڵ کۆمەڵی لە سوار چاکانی سەنگەری گرت‌و خۆی لە جەنگی پێدەشتەکان رزگار کرد[2].

هەر لەم بارەیەوە میر بدریش لێهاتووی زۆری نواندووە، هەر وەك ئەو تاکتیکەی لە بەرامبەر (قرتکین الجهشیاری) ساڵی (٣٧٧ك/ ٩٨٧ز) نواندی، ئەوە بوو میر بدر لە نزیك قرمسین (کرمنشان) ی هەڵبژارد بۆ خستنی خاروبارو بارگەی قورسایی سوپاکەی، کاتێکیش سوپای قراتکین نزیك بۆوە، سوپای بدر خۆیان وەك هەڵاتوو نیشانداو بارە قورسەکانیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت، وایان پیشاندا کە شکاون، سوپای دوژمن بەو فێڵەی نەزانی‌و لە ئەسپەکانیان دابەزین‌و دەستان بە تاڵان کۆکردنەوە کرد، لە ناکاو سوپای بدر بەسەریاندادان‌و ڕێیان لێگرتن‌و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن، قراتکینیش زۆر بەزەحمەت رزگاری بوو، سوپاکەشی بە تێکشکاوی بۆ بەغدا گەڕایەوە[3]، چۆنیەتی بەکارهێنانی سەربازیش لە مەیدانی جەنگدا، بۆخۆی هونەرێکی تایبەتی جەنگە.

هەندێ جاریش ڕووداوی وا هاتوونە پێش کە پێویستی تەنها بەئەنجامدانی هەڵمەتێکی کت‌وپڕ بووە، کە لە شێوەی چالاکی سەربازی کە ئەمرۆ بە چالاکی پارتیزانی ناسراوە ئەنجام بدەن، ئەویش جۆرە شەڕێکەکە دەستەیەك لەسوارچاك‌و جەنگاوەر بە نهێنی دەچنە سەر دوژمن‌و دەستی لێدەوەشێنن، ئەوانەی بەم کارەش هەڵدەستان دەبوایە ئازاترین‌و بەمەشقترین سواچاکی شەڕ بن‌و بە ئەزموون بن، وەك ئەو چالاکیەی کە میر باد لەگەڵ بەشێك لەسوارچاکانی لە تاریکای شەودا دژی ئەو کوردانەی هەکاری ئەنجامیدا، کە ئابلۆقەی دەروازە موسڵیان دابوو، ئەوەبوو زۆری لێکوشتن‌و سامانێکی زۆری لێ بەتاڵان بردن[4]، هەر لەو جۆرە چالاکیانەو بەشێوازێکی تر هەندێ جار ژمارەیەك لە سوارچاکان بۆسەیان لەبەردەم لەشکری دوژمن داناوە، بەمەستی زیانگەیاندن‌و سەرلێتێکدان‌و رێ لێگۆڕین، کە خۆی لە خۆحەشاردانی کۆمەڵی سوارچاکی بەجەرگ‌و بەهێز لە شوێنێکی شاراوەو نەدیو دەبینیەوە، کە دەبوو ئەو شوێنە ئاوو لەوەڕی هەبێت، ئەوانەش کە بۆسەیان دادەنا دەبوایە کۆمەڵێ خەسڵەتگەلی زۆریان هەبێت، وەك دەبێت هەمیشە بەسەر پشتی ئەسپەوە بن‌و کۆکەیان نەبێ‌و خەواڵو نەبن‌و گوێ قوڵاغ‌و گوێ سوك بن‌و هەمیشە بێدارو بەئاگا بن، ئەسپەکانیشیان دەبوایە خەسڵەتی چاکیان هەبێت، سم قایم‌و شان‌و پشت سەلامەت بن‌و سەرکێش نەبن‌و نەغەزرن[5]، میرەکان سودیان لەمجۆرە تاکتیکەش وەرگرتووە، وەك ئەو بۆسەی کە ساڵی (٤٢٧ك/ ١٠٣٦ز) بۆ لەشکری رۆم کە بە سەرکردایەتی (بطریق)

[1] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل ١٩؛زرار صديق، کوردو کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل١٩٧.

[2] الروذراوري، ذيل تجارب الامم، ج٦، ص١٠٨-١٠٩.

[3] ابن الجوزي، المنتظم، ج٧، ص١٣٦.

[4] فارقی، مێژووی میافارقین‌و ئامەد، ل١٨؛فرست مرعي، تاريخ الامارات الكوردية، ص٢٤٨.

[5] محسین محمد حسێن، سوپای ئەیوبییان، ل٢١٠- ٢١١.

بە سوپایەکی پێنج هەزار جەنگاوەرەوە بۆ شکاندنی ئابلۆقەی سەرشاری الرها هات، ئەوەبوو سەرلەشکری نصرالدولە کە بەمەی زانی بەهاوکاری نمیریەکان[1] بۆسەیان بۆ سوپاکە دانایەوە، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتنو بەدیل گرتن بە بطریقی سەرلەشکریشیانەوە[2]، هەموو ئەمانەش شارەزایی میرەکان دەردەخات لە کاروباری سەربازیو جەنگدا.

ئەوەی ئاشکراشە ئەو ڕۆژگارەی میرنشینەکان پێیدا تێپەڕیون، پڕبووە لە ڕووداو کارەسات، بەم هۆیەشەوە مەترسیەکی بەردەوام ڕووی تێکردوون، ئەوانیش لە پێناو پارێزگاری کردن لە خۆیان ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر، دیارە کێشکردنی سۆزی داگیرکارانیش لە ڕێگەی پارەوە یەکێك بووە لەو سیاسەتانە، ئەگەر دبلوماسیەتیش بە هونەری گفتوگۆکردن بەمەبەستی بەرگریکردنو بەرگرتن لە ڕووداو کارەساتو شەڕو مەینەتیەکانی بناسێنین، بۆ پارستنی بەرژەوەندیەکانی وڵات[3]، ئەوە ئەو سیاسەتەی هەندێ لە میرەکان پەیڕەویان کرد تاڕادەیەك سەرکەتوو بوو، چونکە ئەو لەشکرانەی بەنیازی داگیرکاریو کاولکاری ڕوودەکەنە وڵات، کە ئەرکی ڕووبەڕوو بوونەوەیان قورسە، واپەسندە لەو حاڵەتانەدا خۆ لەڕووبەڕووبەنەوەیان بپارێزرێت، بەتایبەت ئەگەر هێزت هاوشانی هێزی دوژمن نەبوو، نابێت هەلو بواری وای بۆ برەخسێنیت لەگەڵتدا بجەنگێت، بۆیە گونجاوترە لەو بارودۆخانەدا بە گرتنەبەری ڕێگایەکی دبلوماسیانە مەترسیەکانیان لەسەر وڵات دوور بخرێتەوە[4]، وەك ئەو سیاسەتەی کە میر حەسەنوەیهی بەرامبەر بە لەشکرکێشی بوەیهیەکان بەسەرکردایەتی (ابوالفتح) پەیڕەوی کرد، کە بەرامبەر بە پێدانی بڕی پەنجا هەزار دینارو کەلوپەلێکی گران بەهای زۆر دەست بەرداری هێرشەکەی بوو[5]، بەمەش وڵاتی لە ئاکامە خراپەکانی لەشکرکێشیەکە پاراست، ڕەنگە لەم نێوەندەدا میر نصرالدولەی مەڕوانی لە ناودارترینی ئەوانە بێت، کە بەدرێژایی (٥٢) ساڵ ماوەی فەرمانڕەوایی ئەوەندەی بۆی کرابێت لەگەڵ دوژمنەکەی نەچۆتە شەڕەوە، بە پارە مەترسیەکانی لەسەر میرنشینەکەی دوورخستۆتەوە، هەروەك (ابن الجوزی) دەڵێت:(( ئەگەر دوژمنێك ڕووی بکردایە وڵاتەکەی، ئەو بە پارە لە خۆی دوور دەخستەوە))[6]، میر نظام الدینیش (٤٥٣- ٤٧٢ك/ ١٠٦١- ١٠٧٩ز)تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی لەمجۆرە، چونکە خۆشگوزەرانیو ئاوەدانی وڵاتەکەی بەو بڕە پارەیە نەگۆڕیوەتەوە کە داوایان لێکردووە[7]، پێچەوانەی ئەوسیاسەتەش کاتێك کە میر ناصرالدین (٤٧٢-٤٧٨ك/١٠٧٩-١٠٨٥ز) ئامادەنەبوو لە داهاتووو سامانی بێژماری مەڕوانی بەشی سەلجوقیەکان بدات، سوڵتان ملکشاە (٤٦٥-٤٨٥ك/ ١٠٧٢- ١٠٩٢ز) بڕیاری هێرشکردنە سەر میرنشینەکەو کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوایی ئەو بنەماڵەیەی دا[8]، هیلالی کوڕی بدریش ساڵی (٤٠٥ك/ ١٠١٥ز) کاتێك ئامۆژگاری (ابو عسی کوڕی شاذی) لە گوێ نەگرت، بەوەی کە بە پارە

---

[1] نمیریەکان: هۆزێکی عەرەب بوون، لە ناوچەکانی نێوان شامو فورات نیشتەجێبوون.مرعي، الامارات الكردية، ص ٢٤٩ هامش ٥.

[2] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص٧٧٦؛ بسام العسلي، فن الحرب الاسلامي، مجلد٣، ص٣٣٩.

[3] صابرعومەرمامەسێنی، دبلوماسیەتی کورد بەدرێژایی مێژوو، چاپخانەی ئاسا، (سلێمانی:٢٠٠٢ز)، ل٣٨.

[4] لەم بارەیەوە نموونە گەلی زۆر هەن، بەڵام بە پێویست نەزانراوە بە درێژی باسیان بکرێت، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ئاراس فەریق زەینەل، دبلوماسیەتی کورد لەسەردەمی بوەهییەکاندا.

[5] مسکویە، تجارب الامم،ج٥، ص٣٧٤؛ امین زکی، تاريخ الامارات الكوردية، ص ٩٠؛ ئاراس فەریق زەینەل، دبلوماسیەتی کورد، ل٣٠١.

[6] المنتظم، ج٨، ص٢٢٢-٢٢٣.

[7] اسامةبن منقذ، الاعتبار، قدم لها وعلق عليها عبدالكريم الاشتر،المكتب الاسلامی، الطبعةالثانية، (بيروت:٢٠٠٣م)، ص١٦٥-١٦٦.

[8] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ١١٨-١١٩.

بهاءالدولة قايل بكات، ئەوە بوو بەرامبەر سوپاكەی شكاو خۆشی بە دیل گیرا[1]، هەرچەندە پەیوەندی سیاسی لەسەر سۆزو بەرتیل بنیات نانرێت، بە پێدانی بەرتیلو داهاتی میرنشینەكەش خەزێنەی دوژمنەكانیان دەوڵەمەندكردووە، بەمەش ڕەنگە زیانیان بە باری ئابوری میرنشینەكەیان گەیاندبێت، بەڵام بۆ ماوەیەكیش توانیان لەمەترسیەكانی هێزی بیانی خۆیان بپارێزن.

بارودۆخی جەنگو پەرەسەندنی ململانێكان كاریگەری زۆری كردۆتەسەر بایەخدانی میرەكان بەكاری سوسەكاری، بەڕادەیەك نەك هەر لەسەری بوو سوسەی بارودۆخی دوژمن بكاتو ئاگای لە جموجوڵی بێت، لە هەمانكاتدا زۆر بەتەنگی پاراستنی نهێنیەكانی سوپاو باری ئاسایشی ناوخۆ بووە، بۆ ڕێگرتن لە گواستنەوەی زانیاری بۆ دوژمنو نەیارەكانیان تەنانەت چاودێریان بەسەر كەسە نزیكو بەرپرسە باڵاكانیش دانا بوو سەركردەكانیش بایەخی زۆریان بەمجۆرە كارانە داوە[2]، دەشێ ئەمانەش بە دەزگایەك سپێرابن كە ئەمرۆ بە هەواڵگری سەربازی (الاستخباراتالعسكرية) ناسراوە، جگەلەوەی كە بایەخیان بە كاری گەڕانو سەرانسوێ وەك هونەرێكی گرنگی جەنگی داوە، ئەمانەش ئەركێكن كە دەبێت هەموو سەركردەیەك بایەخیان پێبدات، بۆئەوەی شارەزایی خواستو مەبەستی دوژمن بێت، لە ڕێگەشیەوە چەندین زانیاری لەسەر ژمارەو جموجوڵو چۆنیەتی دابەشبوونی سوپای دوژمن دەست كەوێت[3]، ئەنجامدانی ئەم جۆرە كارانەش فاكتەرن بۆ سەركەتن، بۆیە میرێكی وەك نصرالدولە ئەم لایەنەی فەرامۆش نەكردووە، لەمبارەیەشەوە چەند چەند دەقێك لەبەر دەستن كە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن، ئەوەتا (فارقی) ئاماژەی بۆئەوە كردووە، كە میری ناوبراو دوای ئەوەی لە ڕێگەی سوسەكارەكانیەوە هەواڵو زانیاری دروستی لەسەر باری ناوخۆو ژمارەی سوپاكە وەرگرت، بڕیاری هێرشكردنە سەر سوپای غوزەكانیدا ساڵی (٤٣٤ك/ ١٠٤٢ز)كە بە سوپایەكی دە هەزار كەسی لە دەروازەی میافارقین خۆیان مۆڵدابوو، ئەوەبوو زۆری لێكوشتنو بەدیلگرتنو دەستیشی بەسەر پارەو تاڵانی ئەواندا گرت[4]، لەڕوداوێكی تردا هەر لەڕێگەی هەواڵگرێكەوە هەواڵی ئەوە بەمیر درا كە كەسێك بەناوی (شێخ ئەبابكر) لە شاری میافارقین پەیوەندی نهێنی لەگەڵ فەرمانڕەوایی سەناسنە هەیە، ئەوەبوو بەسەر ماڵەكەیاندااو چەكێكی زۆریان تێدا دۆزیەوە، بۆیە دەست بەسەر ماڵو موڵكیدا گیرا، كە بای چوار سەد هەزار دینار دەبوو[5]، پێدەچێت ئەم میرنشینە زۆر پشتیان بەو زانیارانە بەستبێت، كە لەڕێگەی سوسەكارەكانەوە دەستیان دەكەوت، ئەمەش بایەخدانی میرەكانی ئەم میرنشینە بە هەواڵگیری سەربازی دەردەخات.

تائەو ڕادەیەش بایەخیان پێداوە، كە تەنانەت لەسەر دادگەرو كەسە نزیكەكانیش هەواڵگریان داناوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە ڕێگەی سەربازێكەوە میر نصرالدولە لەوە ئاگادار كرایەوە، كە (ئەلەرجا ئەبوبكری دادوەر) لە ڕێگەی (ئیبنولفتێر)ی نوسەر نامەیەكی بۆ موسڵ ناردووە، بە تایبەت ئەمە لەكاتێكدا بوو كە پەیوەندی نێوان میری ناوبراو میر شرف الدولە قراویشی عقیلی ئاڵۆزی تێكەوتبوو، ئەلەرجای دادوەر بانگهێشتی كۆشك كراو هەرچەندە سوێندی خواردو ناوەرۆكی نامەكەی بۆ میر ڕوونكردەوە، بەڵام باوەڕی پێنەكراو میر لەناوی برد[6]،

[1] ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص٥٦٤-٥٦٥.

[2] بۆ نموونە بڕوانە: مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص ٣٥٣.

[3] ئاراس فەریق زەینەڵ، جەنگی دەروونی، ل١٩٧.

[4] مێژووی میافارقینو ئامەد، ل٨٩؛ فرست مرعي، الامارات الكوردية، ص٣٠٢.

[5] فارقی،مێژووی میافارقینو ئامەد، ل٩٤.

[6] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ٩٠.

میر بدریش هەر لەڕێگەی سوسەکارێکی نزیکیەوە لە ئەگەری غافڵکوژکردنیو هەڵگەڕانەوەی بەشێك لە سوپاکەی ئاگادار کرایەوە، هەرچەندە گوێی پێنەداو کارەکەش ڕوویدا[1].

ئەوەی لەم توێژنەوەیەدا تائێرە خرایە ڕوو، نموونەی دەیان ڕووداوو شێوازن کە ڕوویاندابێت، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان خاڵی وێکچووی نێوان مێژووی میرنشینی حەسەنوەیهیو مەڕوانی خراونەتە ڕوو، لە بایەخ پێدانی زۆریان بە بواری سەربازی بەگشتی، ڕەنگە ئەمەشیان لە خواستیان بۆ بەسەربەخۆی مانەوەو ویستیان بۆ بەئازادی ژیان بووبێت، کە هەر لەکۆنەوە کورد پێی ناسراوە، لەمبارەیەشەوە چەندین دەقی وا بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە هەروەك( مسعر بن مهلهل) ئاماژەی کردووە بەوەی کە لە هەڵسوکەوتیاندا سەربەستنو سەرپێچی خەلیفەکان دەکەنو چێژ لەسەرپێچیو یاخیبوون وەردەگرن[2]، ڕەنگە بەتەنهاش ئەمە پەیوەندی بە خەسڵەتی کۆمەڵایەتی کوردەوە نە بێت، ئەو بارودۆخە ناخۆشو نالەبارەی کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر وڵاتەکەیاندا هاتووە، سەربازی هەوڵیان بۆ خۆپاراستن لە گێچەڵی داگیرکاران، دەشێ بەرپرس بێ لەچەسپاندنی ئارەزووی جەنگ لە دەروونی تاکی کورددا، بەمەش شەڕ بۆتە سیمایەکی ژیانی گەلی کورد و بەدرێژایی مێژووش بەهای جەنگ لەنێو کۆمەڵگەی کوردەوارییدا چەسپاوەو میزاجێکی جەنگاوەرانەی بە تاکی کورد بەخشیوە، ڕەنگە بەشێکی مەیلی جەنگیش حەزو ئارەزوو نەبووبێ بەتەنها، بەڵکو وەك بەرگری کردن لەخۆ و ڕووبەڕوو بوونەوەی گێچەڵی داگیرکاران و خۆشەویستی بۆ ئازادی بووبێت، چونکە کورد ئازادی بەسەروەری دادەنێت و مردنیش لە شەڕدا بە ئاوات دەخوازێت[3]، ئەو مەترسیانەش کە ڕووبەڕووی بۆتەوە وای کردووە دەمارگیریە خێڵەکیەی بە هێزتر بێت بۆ بەرگری لەیەکتریو گوێڕایەڵی بۆ سەرۆکی خێڵ، کە سەرئەنجام یارمەتیدان بۆ ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی[4]، بەرگری کردن لەو مافەش پێویستی بە سوپاو دەزگایەك هەیە، کە ئەو ئەرکە جێبەجێبکات، لەو نێوەندەشدا میرەکان بایەخیان بە هێزی سەربازیداوەو ئازایەتیو لێهاتووی زۆریان پیشانداوە[5]، ئەم خەسڵەتی بایەخ پێدانەش گشتی بووە، چونکە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەوروبەردا هاوکات بووە، ئەمەش وایکردووە کە لە شێوەی چەند دەسەڵاتێکی سەربازی یان میرنشینی سەربازی دەرکەون، کە بوونەتە مەترسی لەسەر ژیانی یەکتری، بۆیە زۆرجار ترسو نائارامیش بۆتە خەسڵەتی ئەمجۆرە میرنشینانە[6].

بەڵام بەداخەوە زۆرجار هەندێ لەمیرەکان ئەو تواناو هێزەی هەیان بووە، خراپ سودیان لێبینیووەو کەوتوونەتە ژێرکاریگەری هێزە دەرەکیەکان، یان لە ململانێ ناوخۆیەکاندا بەکاریان هێناوە، بەمەش چارەنوسی خۆیان میرنشینەکەیان خستۆتە مەترسیەوە، بە تایبەتیش ئەمە لە مێژووی میرنشینی حەسنەوەیهیدا بەدیدەکرێت، بەڵام تاڕادەیەك لەناو مەڕوانیەکاندا لاوازتر بووە[7].

---

[1] ابن الاثیر، الکامل، ج٧، ص ٥٩٦.

[2] الرسالة الثانیة، عني بنشرهاو ترجمتهاو تعلیقها بطرس بولغاکوف وانس خالدوف،دارالنشر لبلاد الشرقیة، (موسکو:١٩٦٠م). ص١٠.

[3] مەلا محمودی بایەزیدی، دابونەریتی کوردەکان، وەرگێرانی شکریە رسول، (بغداد:١٩٨٢ز)، ل٣٤.

[4] حەیدەر لەشکری، وێنەی کورد لە زانینیی مێژوویی ئیسلامیدا،ل ٢٧١.

[5] لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە، بوار نەبوو لەسەر ئەم سیفەتەی کورد لەشەڕدا بدوێن، بە جۆرێ لە جۆرەکان لە توێژینەوەکانی تریشدا ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە بە پێویست نەزانراوە دووبارە بکرێنەوە، بۆ زانیاری بڕوانە: مەهدی عوسمان هەروتی، ڕۆڵی سەربازی کورد، ل٢٢؛ حەیدەر لەشکری، وێنەی کورد لە زانینیی مێژوویی ئیسلامیدا،ل ١٣٨-١٣٩.

[6] عبدالنعیم محمد حسنین، سلاجقة ایران و العراق، ص١٦٩.

[7] لەم بارەیەوە بڕوانە: مەهدی هەروتی، ڕۆڵی سەربازی کورد.

ئەوەی وەك دوا شت دەمانەوێت لەم نێوەدا ئاماژەی پێبدەین، ئەوەیە کە هەست بە جیاوازیەك لە نێوان هێزی سەربازی ئەم دوو میرنشینە دەکرێت، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە هێزی سەربازی میرنشینی مەڕوانیەوە هەیە، کە ئەویش ڕۆڵی کاریگەری ئەم میرنشینەیە لە جەنگە جیهادیەکان دژی خانەی بێباوەڕان، چ بەتەنها یان لە پاڵ هێزە موسڵمانەکانی تردا، بۆنموونە وەك بەشداریان لە پاڵ سەلجوقیەکاندا، ئەمەش وایکردووە سیمایەکی جیهادی بە سوپاکەیانەوە دیاربێت، بەشداریکردنی هەرمیرێکیش لە جەنگە جیهادیەکاندا بە قازانجیان شکاوەتەوە، بوونی ئەوانی لەناو مێژووی نەك تەنها ناوچەکە، بە لکو لەسەر ئاستی هەرێمیو نێودەوڵەتیشدا سەپاندووەو دانیان بە دەسەڵاتیاندا ناون لەنموونەی نصرالدولەی مەڕوانی، کە هەریەك لە دەوڵەتی بیزەنتیو فاتمیو عەبباسی دانیانپێدا ناوەو نازناویان پێبەخشیوە[1]، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کاتێك بەرگریکردن لە ئایین دەبێتە ستراتیژی میری کورد، ئەوا ئەو هێزەی کە پاڵپشتی دەکات تەنها ئەوە نییە کە دەمارگیریو هێزی ئابوری پێی دەبەخشێت، بەڵکو ئایین پاڵپشتی دەسەڵاتیەتیو ئەوانی تریش لەناو ئەو بۆتەیەدا دەتوێنەوە یان کاڵتر دەردەکەون، دیارە هەر لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەشە کە خەلیفەی عەبباسی میری ناوبراو بە پارێزەری ئابرۆی میللەتو کەرامەتی ئیسلام بزانێ[2]، هەربۆیە لە پەیامێکی پڕ لە ستایشو سوپاسگوزاریدا بە یەکێك لە ( شیوخ الدولة العباسية المنصورةو اعضادها) داناوە[3]، هەرچەندە ئەوە بەومانایە نییە، کە میرەکانی میرنشینی حەسەنوەیهی بایەخیان بە بواری ئایینی نەداوە یان نازناویان پێنەبەخشراوە[4]، بەڵکو ئەوانیش ڕۆڵی گرنگیان لە خزمەتکردنی ئیسلامدا بینیووە، بەڵام ئەوەندەی سوپاکانیان بۆ ململانێی ناوخۆی تەرخانکردووە، ئەوەندە بۆ بەرگری لە ئایین تەرخانیان نەکردووە، بەراوردی مێژووی فەرمانڕوایشیان بەڵگەیە لەسەر کاریگەری خراپی ئەو ململانێیە، کە مەڕوانیەکان دوو ئەوەندەی مێژووی حەسەنوەیهی فەرمانڕەوایانکردووە، ئەگەرچی ئەمە بەتەنها هۆکارێك نییە.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاڕادەیەکی زۆر ستراتیژی سەربازی میرنشینی مەڕوانی بە بەراورد بە حەسەنوەیهی جێگیرتربووە، کە خۆی لە هونەری لەشکرکێشیو خوێنەوەی بارودۆخە لە کاتیشەڕو دوای شەڕ، دابینکردنی پێداویستی بۆ ماوەی دورو درێژو ڕەچاوکردنی لە کاتی ئاشتیو تەباییدا دەبینێتەوە، هەروەك توێژەرێکیش ئاماژەی بەوەکردووەو پێی وایە، کە میرنشینی مەڕوانی لە میرنشینەکانی هاوسەردەمی خۆی گەشەسەندووتر بووە، لە بەڕێوەبردنو خەمخۆریو لەشکرسازیدا[5].

[1] فارقی، مێژووی میافارقینو ئامەد، ل ٥٦؛ ابن الجوزي، المنتظم، ج٨، ص٢٢٢.

[2] ناصر خسرو، سفر نامە، ص ٨.

[3] ابن المصلايا، رسائل ابن المصلايا، ص٤٢٩، لە زرار صديق، کوردوکوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ، پاشکۆی ژمارە(٤)،ل ٣٩٥.وەرگیراوە.

[4] بڕوانە: قادر محمد حسن، الامارات الكوردية، ص٧٧.

[5] سعید بەشیر ئەسکەندەر، سەرهەڵدانو روخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستاندا، ل ٤١.

**ئە نجام:**

١- ئەو هێزە مرۆیە گەورەیەی لە کوردستان هەبووە، فاکتەرێکی بەهێزبوو بۆ سەرهەڵدانی سیستەمی میرنشینی لەکوردستاندا، چونکە سەرۆك خێڵەکان سودیان لەهەستی دەمارگیری ئەندامانی هۆزەکانیان وەرگرت، بۆ پێکەوەنانی دامەزراوەیەکی سیاسیو سەربازی، لەبەرامبەر پاراستنی ژیانو گوزەرانیان.

٢- خواستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆجێیو شەڕو کارەساتە زۆرەکان، پێویستی میرەکانی بە هێزی سەربازی زیاترکرد، بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بۆ هێزی بەکرێگیراو برد لە پێناوی پڕکردنەوەی بۆشایی سەربازیان، هەربۆیە ڕەگەزی جیاجیا لە ناو پێکهاتەی هێزی میرنشینەکاندا بەدی دەکرێت.

٣- وەك هەر هێزێکی تری ناوچەکە میرنشینەکانیش خاوەنی دیوانو دەزگای وابوون، کە سەرپەرشتی چالاکیە سەربازیەکانو ڕێکخستنی سیستەمی پێدانی موچەو ئامادەباشی لەشکرکێشیەکانی میرنشینەکەیان کردووە، هەبوونی پۆستو پلەپایە سەربازیەکانیش ڕادەی پێشکەوتوویو بایەخدانی میرەکان بەم بوارە دەردەخەن.

٤- پەیڕەوکردنی شێوازی جیاجیاو گرتنەبەری تاکتیکی جۆراوجۆر لەشەڕەکاندا، کە هەندێ جار بەسودی میرنشینەکەو هەندێ جاریش بەزیانی شکاوەتەوە، سەختی ئەو بارودۆخە سەربازییە دەخەنە ڕوو، کە بەسەر میرنشینەکان هاتووە.

٥- ئەوبارودۆخە سەربازییەی کە بەسەر کوردا هاتووە، جۆرێك لە تاکێکی شێوە جەنگاوەری دروستکردووە، بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی مەترسیەکانو بە ئازادی ژیان، بایەخدانی زۆری میرنشینەکانیش بەم بوارە هەر لەو ڕوانگەوە بووە.

٦- زۆر جار میرەکان بارودۆخەکانیان بە میزاجی خۆیان لێکداوەتەوەو هێزی مرۆیی میرنشینەکەیان لە ململانێ ناوخۆیو ناوچەیەکاندا بە فیڕۆداوە، بەتایبەتیش میرەکانی میرنشینی حەسەنوەیهی.

٧- بەشداری لە جەنگە جیهادییەکاندا، پێگەی سیاسیو سەربازی میرەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا بەهێز کردووە، لەنموونەی نصرالدولەی مەڕوانی.

**ملخص الدراسة**

**إن تنظيم القوات العسكريةو أساليب الحرب وسائر الأنشطة المتعلقة بذلك، موضوع مهم وضروري، لتعلّقا لمصير السياسي والعسكري للإمارات التي حكمت الأقاليم الكوردية في حقبة تاريخية مهمة به، والتي استندت في قوتهاو بقائهاو حماية تجربتها على التنظيم العسكرية التي كانت تمتلكها، من حيث الطاقات البشرية والقدرات الاقتصادية وأدوات الحرب وأساليبها، وكل هذه الأمور جديرة بأن تبحث وتناقش في دراسة خاصة، ورغم أن في هذه الحقبة التاريخية توجد إمارات كثيرة، لكن الدراسة اختارت إمارتي ( الحسنويه و المروانية) كنموذج ينقصد اللإيجاز، وجاء الاختيار عليهم ابناء على أن كل واحدة منهم اظهرت في إقليم خاص وظروف خاصة، وأن بعض الجوانب في الإمارات كانت متشابهة لحدّ كثير، وكل ذلك كان وراء اختيار هذا الموضوع للدراسة.**

**إن تحقيق دراسة أكاديمية دقيقة عن هذا الموضوع وسلوك منهج علمي تحليلي مقارن محايد، لغرض سدّ فراغ في تاريخ هذه المرحلة من تاريخ الكورد، كان هدفا بارزا للباحث، على أملا لاستفادة منها وتفادي إعادة الأخطاء وتعزيز الجوانب القوية فيها، ويكون ذلك تمهيدا للقيام بدراسات أوسع وأعمق في الموضوع من قبل باحثين آخرين في المستقبل.**

**ولإعداد هذه الدراسة تم الاعتما دعلى عشرات المصادر الأصيلة والموثوقة، بالإضافة إلى آراءو وجهات النظرو تحليلات الباحثين الذين كتبوا عن هذه الحقبة التاريخيةو ظروفها السياسيةو الحضارية للإمارات، لكن معضلة هذه الدراسة كانت قلة إشارة المؤرخين إلى نوعية الأسلحة وفنون القتال المستخدمة في هذه الفترة، لهذا تم الاعتماد على بعض المصادر الخاصة بالمجال العسكري، التي تحدّثت عن تنظيم الجيوش الإسلامية في العصور الوسطى، رغم أن هناك بعض الجوانب العسكرية الموجودة الآن كانت سائدة في تلك الفترة أيضا، لذلك وبقدر الإمكان تم الاعتماد على مجموعة من كتب المعارك والحرب والنصوص النظرية المتعلقة بذلك وتحليلها مع الأحداث الواقعية، وفي بعض الأحيان تم الاعتماد على قراءة الوجه الثاني للأحداث التاريخيةو استنتاج المعلومات منها.**

**قسّمت هذه الدراسة على ثلاثة محاور: خُصص المحور الأول للحديث عن مكونات القوة العسكرية للإمارات، وفي المحور الثاني تم الحديث عن تنظيم القوات العسكرية، أمّا المحور الثالث فقد خصص للحديث عن أنواع الأسلحةو فنون القتال في تلك الفترة. بالإضافة إلى بعض النتائج وملخص الدراسة باللغتين العربية والانجليزية.**

## Abstract

Managing military forces, types of war and all activities that have been done are very important, because the political and military fortune of Kurdish emirates is based on them that ruled determinate Kurdish areas at the historical period. Largely military management was the main reason to their remain in power and keeping rule more , their human forces , economical capacities and types of war are other significant points deserve to mention. To avoid detailing we only mentioned ( Hasnawayhe and Marwany emirates ) despite being many emirates during the process of researching, both of them were appearing and developing in a specific and different area, the similarity of other emirates are helpful to choose the subject of the research.

The main aim of the researcher is doing an academic and perfect thesis on the subject at that Kurdish historical moment, through an impartial, comparative, analysis and scientific method. Hope it will be a beneficial research and gate to other researchers to advance the strong points of the subject. To prepare this research figured on many original and important references, other expressions are benefited but unfortunately there were no enough historian remarks on the subject especially about types of weapon and war techniques therefore figured on some military references which discussed the Islamic troops managing in the middle ages, but in fact there are many military parts were not changed more compare to the past, therefore we used theoretical and conflictive books and discus them with the real events, oftentimes we figured on the second face of the historical events to get information.

The research consists of three chapters; The first chapter explains military structure of the emirates. Chapter two focuses on military management and the third chapter discusses types of weapons , war techniques and a summary on the research in English and Arabic language .